# مێژووی ئایینی؛ لایەنێکی گرنگی شوناسی کوردەواری[1]

سەباح موفیدی

## پێشەکی

تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی کوردەواری لە هەموو بوارێکەوە؛ سروشتی تایبەت، سامانی سروشتیی، شوێنی مێژوویی و کۆنینە، چاندی تایبەت و... گرنگایەتی ئەم شوێنە دەردەخەن کە بە هۆی هەندێ لەوانەوە لە مێژووودا کەوتووەتە بەر هێرش و پەلاماری خەڵکانی تر و لەو سەردەمەشدا لە هەر چوار لاوە بە توندی پێوەی نووساون و دەسبەرداری نابن. بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دراوە کە خەڵکی کوردەواری لە لایەنە جیاوازەکانی مێژووی خۆیان کە بناخەی شوناسیان پێکدەهێنێت ئاگادار نەبنەوە و لە نادیاریی و تاریکیدا بمێننەوە و وردەوردە بتوێنەوە نەوەکو ببنە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوە باندەستەکان. بێجگە تاڵانی سامانی جۆراوجۆری ئەم وڵاتە و تێکدانی سروشتی، زۆرێک لە شوێنەوارە کۆنەکانی کوردەواری کە بۆخۆیان دەتوانن گەورەترین سەرچاوەی داهات و راکێشانی گەشتیار بۆ کوردستان بن، دەستیان بەسەردا گیراوە و هەوڵ دراوە لە شوناسی کوردستانی داڕووت کرێن و هەندێ جار بە گرنگایەتی نەدان بەوانە و بە قوربانی کردنی ئەوانە بۆ سیاسەتەکانیان زەبرێکی گەورە نەتەنیا لە کورد بەڵکو لە ژیار و شارستانییەتی مرۆیی بدەن. لەو ئاڕاستەدا، مێژووی ئایینی و شوێنەوارە کۆنەکانی پێوەندیدار بەوە لەو تایبەتمەندییانەن کە لایەنێکی شوناس و سەرچاوەی هەرەگرنگی شوناسی مێژوویی کوردەوارین و کەونینە بوونی کوردستان پیشان دەدەن، بۆیە پێویستە لە سیاسەتی کوردیدا سەرنجی تایبەت بدرێن. لەو پێوەندییەدا دەکرێ بە مێژووی ئایینی و شوێن و شوێنەوارە ئایینییەکانی باکووری کوردەواری و لە گرنگترینی ئەوانە باژێری ئامەد/دیاربەکر و دەوروبەری ئاماژە بکرێت کە لەم وتارەدا بە کورتی ئاورێک دەدرێتەوە سەریان.

## کەونینەبوونی ئایین لە کوردستاندا

هەر لە سەردەمی بەردینەوە[2] مرۆڤ لە ناوچەی کوردەواری جێگیر بووە و دواتر لانکی شارستانییەت و ئایین بووە. لە باری کۆمەڵایەتییەوە دیارە ئەو ناوچە شوێنی ژیانی باپیرانی گەورەی کورد لەوانە خەڵکی سۆمەری، ئیلامی، هوری-میتانی، هیتی، لوڤی، گوتی، مانی، کاسی، لولوبی و ماد و تاکو ئێستا بە زۆرینە خودی نەتەوەی کورد بووە. لە سۆنگەی مێژووی سیاسی و دەسەڵاتدارێتییەوە، بێجگە سۆمەرییەکان، لە یەکەم شارستانییەتەکان لە ناوچەکە پاشایەتی میتانییەکان بوو کە لە نەتەوە هورییەکان یان هوری زمانەکان بوون کە لە دوو تا سێ هەزار ساڵ پێش زایین لە ناوچەکە بوون و مێژووی پاشایەتیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و پانسەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح. دواتر ئەوانەی لە مێزۆپۆتامیا/نێوان چۆمان

[1] ئەم وتارە لە دوو بەشدا لەلایەن "ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان" لە ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری 2019دا بڵاو کراوەتەوە. وتارەکە سەرەتاش هەر بەم شێوە لە یەک وتاردا نووسرا کە بە هۆی شێوازی کاری ئەو ناوەندە کرا بە دوو بەش لە ژێر سەردێڕەکانی "سەرەتایەک بۆ مێژووی ئایینیی کوردەواری" و "باکووری کوردستان؛ بینگەی مێژووی ئایینیی" کە سەردێڕی بەشی دووەم لەلایەن ناوەندەکەوە گۆڕابوو بە "مێژوو و شوێنەوارەکانی باکووری کوردستان لە بەردەم هەڕەشەی تورک". ئەو دوو وتارە لەو ناونیشانانەی خوارەوەدا لەبەردەستن:
http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5476
http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5480

[2] سەردەمێ کە مرۆڤ لە ئامرازە بەردینەکان کەڵکی وەرگرتووە، واتە پێش سەردەمەکانی برۆنز و ئاسن.

بوون وەک ئەکەدی و ئارامییەکان، ئاسوورییەکان و پاشان مادەکان، هێخامەنشییەکان، ئەرمەنییەکان، سلۆکییەکان، رومییەکان، ئەشکانییەکان و... کە هەندێکیان خۆیان کورد بوون هەرکام بۆ ماوەیەک بەشگەلێک یان هەموویان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵ. لە سۆنگەی ئایینیشەوە، دیارە کوردەواری لەو شوێنانە بووە کە هەر لە سەرەتاکانی مێژوویەوە لەوێدا چالاکی ئایینی هەبووە و تاکو ئێستا ئەو رەنگوبۆنە ئایینیە جۆراوجۆرە تارادەیەک پارێزراوە.

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بگۆڕە و خەڵکانی جۆراوجۆر دەتوانن بیگۆڕن و گۆڕاویانە و لە مێژوودا وابووە. بۆیە هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت بە دڵنیاییەوە خۆی گرێ بدات بە تەنیا یەک ئایینەوە (گەرچی وەک دەگمەن برێ لە جوولەکەکان ئەو داواکارییەیان هەیە) و رەنگە هەر ئایینێک بەشێک لە مێژووی ئەو نەتەوەی بۆخۆی تەرخان کردبێت. کوردیش ئایینگەلێک وەک فرەخوایی، میترابیزم و باوەڕمەندی بە فریشتەکان، ئێزدی/داسنی، جوو، گەور/زەردەشتیی، مەسیحی، مانی و مەزدەکی، و موسڵمانی هەبووە و هەرکام لەوانە بەشێک لە مێژووی ئایینیی کوردستانیان پێکهێناوە. رۆژهەڵاتی ئێستاکەی کوردەواری پێش ئیسلام زیاتر لە ژێر تەشەنەی ئایینە فرەخواییەکان، میترابیزم و زەردەشتیی/مەزدایەسنی (مەزداپەرستی) بووە و ئایینە ئیبراهیمییەکان کەمتر لەوێدا تەشەنەیان هەبووە. بەڵام باشوور، باکوور و رۆژاوای ئێستاکەی کوردەواری وێرای ئەزموونی فرەخوایی و زەردەشتی بوون زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا بوون. گەرچی رەنگە هەندێ لە ئایینەکان بە هۆی زۆر کۆن بوون و نەمانەوەیان لە کوردستاندا یان بوون بە کەمینە، ئەوەندە مێژووی کوردیان پێوە دیار نەبێت، بەڵام هەندێکیشیان هەڵگری بەشێکی گرنگی مێژووی کورد بوون و لە توێی پەرتووک و مێژووی ئەوانەوە سووچێک لە مێژووی کورد دەرکەوتووە و دەکرێ دەرکەوێت.

کەواتە، لە رووی ئایینییەوە دەکرێت بە گشتی مێژووی کوردەواری بە سەردەمی سروشت پەرستی و فرەخوایی، سەردەمی ئایینە ئاسمانییەکانی پێش ئیبراهیم، سەردەمی زاڵێتی ئایینە ئیبراهیمییەکانی پێش مەسێحییەت و ئایینی زەردەشتیی، سەردەمی زاڵێتی مەسێحییەت و زەردەشتیی و سەردەمی زاڵێتی ئیسلام دابەش بکرێت. دیارە هاوکات لەگەڵ زاڵیەتی ئەمانە وردەئایینەکانی تریش هەبوون. لە درێژەدا بە کورتی ئاماژەیەک بە مێژوو، نیشانە و شوێنەوارەکانی ئەو سەردەمانە دەکرێت.

### سەردەمی ئایینە ئاسمانییەکانی پێش ئیبراهیم، فرەخوایی و ئێزدی

لە روانگەی ئایینە ئاسمانییەکانەوە ئافراندنی مرۆڤ پێوەند دەدرێت بە ئافراندنی 'ئادەم'ەوە کە پاشانیش بەرەبەرە پێغەمبەرانی تر بۆ خەڵکانی جیاواز نێردراون و باب و باپیرانی کوردانیش لەو خەڵکانە بوون. لەو پێوەندییەدا هەندێ گۆڕ و ئاسەوار لە کوردەواریدا پێوەند دەدرێن بەو سەردەمەوە. بۆ وێنە لە ناوچەی ئێگڵ باکووری کوردستان گۆڕێک پێوەند دەدرێت بە ئەنوش[3] کە لە کەسایەتییە ئەساتیرییەکان و لەوانەیە لە پەرتووکی پیرۆزی ئافراندندا وەک کوڕی شیس کوڕی ئادەم ئاماژەی پێ دەکرێت و هەندێ مێژوونووسی موسڵمانی سەرەتاییش رەچەڵەکی پێغەمبەری ئیسلامیش دەبەنەوە سەر ئەو. هەروەها، هەندێ چیرۆک و ئەفسانەی ئایینی نەتەوە کۆنەکانیش بە شێوازی جۆراوجۆر باسی ئافراندنیان کردووە. لە کۆنترینی ئەوانە ئەفسانەی ئافراندنی ئادەم بەپێی ئایینی سۆمەرییەکانە کە چاندێکی ئایینی بەهێزیان هەبووە و سەرەتای ئافراندنی مرۆڤیان گرێ داوە بە دامەزراندنی شارستانییەتەکەی خۆیانەوە و دەگوترێت کۆنتر لە ئایینە نوێیە ئاسمانییەکان (جوو، مەسێحییەت و ئیسلام) بووە و کورد لەو رێگایەوە گرێ دەدرێت بە 'ئادەم'ی سۆمەرییەکانەوە.[4] لەو پێوەندییەدا، ئیبنی وەحشییە لە سەدەی دووی کۆچیدا (سەدەی نۆی زایینی) کاتێک باسی زانستی وەرزێریی و جووتیاریی لای کوردەکان دەکات، دەڵێت "کوردەکان دەڵێن کە زانستی وەزێرییان لە ئادەمەوە بۆ ماوەتەوە". گەرچی لە روانینی یەکەمدا ئەم وتەیە بۆ پێشاندانی کۆن

---

[3] Prophet Enus or Enos/ Enosh

[4] سۆمەریەکان باوەڕیان وابووە کە ئادەم یەکەم مرۆڤ بووە کە خوا فریوی داوە و نەمری لێ شاردووەتەوە و پێی وتووە کە بەری داری نەمری ژەحراوییە تاکو ئادەم نەیخوات. بەوجۆرە ئادەم و وەچەکانی هەلی نەمربوونیان لێ وەرگیراوە. بڕواننە: سۆران حەمەڕەش، **کورد کێیە؟**، چاپی یەکەم، لەندەن، 2013، ل. 151.

بوونی ئەو زانستە لای کورد بووە، راڤەیەکی تر وەهایە کە ئادەمی سۆمەرییەکان لە حەوت پەرتووکی پیرۆزدا کە کورد ئەوانەی بە هی خۆی زانیوە زانیاریی بەتایبەت لە بواری وەرزێڕیدا بۆ کوردەکان بەجێ دەهێڵێت. کاتێک زیوسودرا ئاگادار دەکرێتەوە کە لافاو دێت (بە گێڕانەوەیەکی تر خواکان لافاو دەنێرن بۆ لەنێوبردنی مرۆڤ) ئەو پەرتووکانە لە شاری سیپار/سیپەرە دەشارێتەوە و بۆ رزگاریی کەشتییەک چێ دەکات و پاش لافاوەکە[5] ئەو وەک یەکەم پاشای سۆمەری کە کوردەکان خۆیان بە بەرەی ئەو زانیوە ئەو پەرتووکانە لە شاری سەفریس/سیپار دەردێنێت کە دەگوترێت لە تەوراتدا هەر ئەو باخی عەدەنەیە کە وەک یەکەم شوێن خوا ئادەمی تێدا داناوە. پاشان شاری بابل دادەمەزرێنێتەوە و پاش ئەو زۆرێک دەسەڵاتداری میدی پاشای بابل دەبن.[6] هەرچۆنێک بێت، ئەو ئەفسانەیە دێرین و کۆنینەبوونی کورد پیشان دەدات و نیشانەکانی ئاماژەپێکراو لە ئایینە ئاسمانییەکاندا سەبارەت بە ناوچەکەش، ئەگەری بوونی ئایینە کۆنە ئاسمانییەکان و پێوەندی کورد بە ئایین و پێغەمبەرانەوە هەر لە سەرەتاکانی ناردنیانەوە پیشان دەدات.

هەر لەو پێوەندییەدا، سەبارەت بە ئەگەری بوونی ئایینە پێشا ئیبراهیمییەکان دەکرێ بە چیرۆکی حەزرەتی نۆح ئاماژە بکرێت کە دەگوترێت بە رەچەڵەک دەچێتەوە سەر ئەنوشی کوڕی شیس کوڕی ئادەم کە باسکرا. بەپێچەوانەی چیرۆکەکەی زیوسودرا کە پاش لافاوەکە سەرەتا دەچێتە سیپار و بابل، بەپێی هەندێ گێڕانەوە لەوانە قورئان کەشتییەکەی نۆح لە سەر کێوی جوودی (جودی یان "الجودی" لە قورئاندا)[7] نیشتووەتەوە کە دەگوترێت بە ئەگەرەوە هەر کێوی جوودی لە باکووری کوردستان بووە و ئێستاش ئاسەوارێکی هاوشێوەی کەشتی لەو کێوەدا بەوەوە پێوەند دەدرێت.[8] لە هەگادە (Haggada) دەقی پیرۆزی جووەکانیشدا ئەو شاخەی کە کەشتییەکەی نۆح لەسەری گیرساوەتەوە بە شاخی کاردو/قاردو ناوی براوە.[9] مێژوونووسەکانیش ئاماژەیان بەو چیرۆکە و چالاکییەکانی حەزرەتی نۆح لەو ناوچە کردووە، لەوانە پەرستگە و قوربانگە لەسەر جوودی و گوندێک لەو دەوروبەرە بۆ کەسانی هاوڕێی. هیپۆلیتوسی مەسێحی لە سەدەی دووەم و سێهەمی زایینیدا لە باسی کەشتییەکەی نۆحدا ئاماژە بە شاخی کاردو و شاخی گوداش/جوداش واتە جوودی دەکات. ئەبوو حەنیفەی دینەوەری لە سەدەی نۆدا و ئیبنی ئەسیر لە سەدەی سێزدەی زایینیدا کە خۆیان کورد بوون و کەسانی تر لە باسی کەشتییەکەدا ئاماژە بە نیشتنەوەی کەشتییەکەی نۆح لەسەر لووتکەی جوودی لە ناچەی جزیرەی کوردستان دەکەن.[10] هەروەها ئەولیا چەلەبی (1611-1682) لە زمانی مەقدیسییەوە واتە چەند سەدە پێشتر لە خۆی دەڵێت کە پاش باهۆز و لافاوی نۆح، یەکەم شوێن شاری جوودی و دواتر شەنگار و فارقین/سیلڤان ئاوەدان کراونەتەوە و کوردوم شا خاوەنی شاری جوودی لە ئۆممەتی نۆح بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکان بنەچەی ناوی کورد دەگەڕێننەوە بۆ ئەو شوێنەی کە نۆحی لێ گیرساوەتەوە واتە هەر جزیری کوردستان.[11] هەرچۆنێک بێت، گەر ئەو چیرۆکە راست بێت، ئەوە پیشاندەری بوونی ئایینی حەزرەتی نۆح و پێغەمبەرانی پاش ئەو لەو ناوچەیە. واتە ئەگەر پێشتریش لەوێ نەبووبێتن، پاش گیرسانەوەیان لەوێ ماونەتەوە و لەوێوە بڵاوەیان کردووە. ئەگەری بوونی حەزرەتی ئیبراهیم لە ناوچەکە و پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلی و پێش مەسیحییەت و پێوەنددانی هەندێ گۆڕ بەوانەوە کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکرێت، دەتوانێت تاڕادەیەک پاڵپشتی ئەو ئەگەر و گریمانەی سەرەوە بێت.

[5] کەواتە، بێجگە باوەڕی ئایینە ئاسمانییەکانی ئاماژەپێکراو لە تەورات، ئینجل و قورئاندا و بە گوتەیەک لە پێش ئەوانە، ئەفسانە و چیرۆکی سۆمەری زیوسودرا (Ziusudra/Xisuthros) هاوشێوەی چیرۆکی نۆحە و هەندێ کەس هەر بەوەیان زانیوە. ئەمە لەورووەوە کە کوردیش لە رووی رەچەڵەک و زمانییەوە بە سۆمەرییەکانەوەش گرێ دەدرێت، ئەگەری بوونی ئەو رووداوە لە کوردستاندا بەهێزتر دەکات.

[6] بڕوانە: حەمەڕەش، 2013، لل. 146-151.

[7] جوودی کە لە سەرچاوە مەسیحی و ئیسلامییەکاندا 'گوتی' یان 'کوتو'یشی (Guti and Kutu) پێ وتراوە پێوەندی بە ناوی خەڵکی ئەو ناوچەوە هەبووە واتە گوتییەکان کە لە باپیرانی کورد بوون. هەروەها دەگوترێت جوودی شێوەی تێکدراوی "گوتی" بووە کە دواتریش بووە بە "گوردی" و "کوردی". لە سەرچاوە یۆنانییەکاندا بە خەڵکی ئەو ناوچە کە لە ژێر دەسەڵاتی کوردەوان یان کوردیانەکانیشدا بووە گاردو/گورد یان کاردۆ/کورد وتراوە. هەرچۆنێک بێت، ئەم ناوانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئایینەکانی دواتری هاوکات لەگەڵ گوتی و کوردەوانەکان و کوردانی تری دوای ئەوان کە بۆ وەسفی ئەو شوێنە بەکار هێنراون.

[8] See: Dan Eden, "Noah's Ark Is (still) In Turkey", at: http://www.viewzone.com/noahx.html; And: http://rch.ac.ir/article/Details?id=7639

[9] حەمەڕەش، 2013، ل. 320.

[10] حەمەڕەش، 2013، لل. 320-322.

[11] بڕوانە: حەمەڕەش، 2013، ل. 152 و 154.

هەروەها، سەبارەت بە فرەخوایی، بێجگە سۆمەرییەکان، میتانی هوریەکان لە نموونەی سروشت و فرەخواپەرستانی کوردستان بوون و لە باری ئایینییەوە وەک میسرییەکانی ئەو کات هەندێ خوایان بۆخۆیان هەبووە. دەگوترێت کە 'هور' شێوەزاری کۆنی 'خۆر' بووە و هوریەکان 'خۆرپەرست' بوون و هەروەها یەکێکی تر لە خواکانی هوری نێرگەڵ (Nergal) خوای جیهانی ژێرەوە و یەکی تریان هەزی (Hazzi) خوای چیا بووە. هەزی خوای چیای هوریەکان پێوەند دراوە بە ناوی هەزەبان یەک لە دەسەڵاتدارێتییەکانی دواتری کورد. بە پێی هەندێ سەرچاوە، میتانییەکان بە میترا سوێندیان خواردووە بۆ وێنە لە پەیماننامەیان لەگەڵ هیتییەکاندا. میترا خوای رۆژ/خۆر و وەک خوای بەڵێن و پەیمان گرنگترین خوایان بووە. کەواتە باپیرانی کوردان لە سۆمەر و میتانییەکانەوە بۆ مادەکان ئایینی فرەخوایی و میترابیزمیان تێدا باو بووە. هەر لەو سەردەمە و پاش ئەوان بەرەبەرە ئایینەکانی تریش روو دەکەنە کوردستان و یان سەرهەڵدەدەن. لەو پێوەندییەدا یەک لەو ئایینانە کە وەک ئایینی رەسەنی کوردی رەچاو دەکرێت و مێژووی سەرهەڵدانی بە جۆرێ پەیوەند دەدرێت بەو سەردەمانەوە، ئایینی ئێزدی بووە کە دووراودوور پێوەندیی لەگەڵ رێبازی فریشتەکان هەیە و ئایینێکی ناوەندگیری نێوان باوەڕ بە خوای تاقانە و فریشتەکان و پیرۆزیی سروشتە. دەگوترێت تا سەرەتای سەدەی بیست جۆریک لە نێرگەڵ خوای هورییەکان لە ناو ئێزدیەکاندا رێزی لێ دەگیرا.[12] پەرستگەی لالش لە باشووری کوردستان لە شوێنەوارە کۆنەکانی ئەو ئایینەیە کە مێژووی دەگەڕێندرێتەوە بۆ نزیکەی سێ تا چوار هەزار ساڵ پێش و سەردەمی شارستانییەتی سۆمەرییەکان و مێزۆپۆتامیا.[13] بە ئەگەرەوە و بە پێی هەندێ بیروڕا، لەم سەردەمانەدا و پاش باوەڕی فرەخوایی و میترابیزم، بۆ ماوەیەک زۆرێک لە خەڵکی کورد پێڕەوی ئەو ئایینە کۆنە بوون کە ئێستاش ئایینێکی زیندووە لە کوردستان و کەمینەیەک باوەڕمەندیی هەیە. دەقە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزەدی لە نووسینە کۆنە کوردییەکانن و هەندێک لەوانە وەک دوو دەقی دۆزراوەی پەرتووکی پیرۆز "جیلوە" و "مەسحەفا رەش" بە یەکێک لە ئەلف و بێیە کۆنەکانی کوردی نووسراون.[14]

### سەردەمی ئایینە ئیبراهیمییەکانی پێش مەسیحییەت و ئایینی زەردەشتیی

وەک لەسەرەوە ئاماژە کرا کوردەواری لە کۆنەوە لانکی هەندێ ئایینی جۆراوجۆر بووە و چالاکی ئایینە ئاسمانییەکان و ئەگەری بوونی پێغەمبەران لە سەردەمی حەزرەتی نوحەوە و پاشان ئایینە ئیبراهیمییەکانی کۆنیش لەوێدا هەبووە. لەو پێوەندییەدا، هەندێ گێڕانەوە حەزرەتی ئیبراهیم پێوەند دەدەن بە کورد و کوردەوارییەوە. ئاماژە بەوە کراوە کە حەزرەتی ئیبراهیم لە شاری ئورفەی باکووری کوردستان لەدایک بووە کە تەوراتیش پشتڕاستی دەکاتەوە. بەپێی تەورات یەکەم دەسەڵاتدار دوای لافاوی نۆح نەمرود بووە کە شاری شەنگاریش ئاوەدان دەکاتەوە. واتە بە ئەگەرەوە نەمرود هەر کوردوم شا بووە کە ساڵانێکی زۆر ژیاوە.[15] لەو ئاڕستەدا، بەپێی هەندێ سەرچاوەی ئایینی بریتی لە ئیسلامیش ئیبراهیم و نەمرود هەردووکیان لە یەک نەتەوە بوون کە دەگوترێت بە فەرمانی نەمرود، ئیبراهیم لە شاری کوت (لە بنەڕەتدا گوت/گودیە)[16] خراوەتەوە ئاگرەوە کە شارێکی کوردی کۆنە و تا سەرەتای سەدەی بیست زۆرینەی و ئێستاش بەشێک لە شارەکە کوردن. ئەو شارە لەلایەن سۆمەرییەکان و لە تەوراتیشدا ئاماژەی پێ کراوە. هەرچۆنێک بێت، دیارە هەردوو شوێنی ئورفە و کوتیش پێوەندییان بە کوردەوارییەوە هەیە.[17] دواتریش کە ئیبراهیم لە کەنعان دەبێت حەزرەتی ئیسحاقی کوڕی دەنێرێتەوە بۆ مێزۆپۆتامیا شوێنی بەجێماوەکانی لافاوی نۆح و باب و باپیرانیان واتە شاری حەران لە نزیک ئورفە کە لەوێ هاوسەرگیری دەکات. پاشان کە لە حەزرەتی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقەوە (وەک جێگرەوەیان کە لە فەدان ئارام/حەران

[12] حەمەڕەش، 2013، ل. 154 و 244.

[13] See: https://www.atlasobscura.com/places/lalish-temple; and https://www.independent.co.uk/

[14] حەمەڕەش، 2013، ل. 290.

[15] دەگوترێت واتای 'نەمرود' پێوەندیی بە نەمر و نەمربوون لە کوردیدا هەیە کە رەنگە بە هۆی تەمەنی زۆریەوە وای پێگوترابێت هەروەها کە لە هەردوو چیرۆکی کوردوم شا و ئیبراهیمدا ئاماژە بە شەشسەد ساڵ تەمەنی کراوە.

[16] "گوت/گوتە" پێوەندیشی بە ناوی گوتی و جوودی و هەروەها گورد و کورد هەیە کە پێشتر باس کرا. لەو پێوەندییەدا، دەگوترێت شاری گوت بنکەیەکی دەسەڵاتی گوتیەکان بوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەکەدیە سامیەکان بۆ گەڕاندنەوەی حوکمی دەسەڵات بۆ سۆمەریەکان.

[17] حەمەڕەش، 2013، لل. 152-153.

هاوسەرگیری دەکات و دەچێتە کەنعان) بەنی ئیسرائیل پەرە دەستێنن هەندێ لە پێغەمبەرانیان بۆ بانگەشەی ئایینی رووپانکردووەتە کوردستان و دواتریش بەرەبەرە ئایینی جوو/مووساییش لە کوردستان پەرە دەستێنێت و زۆربەی کوردەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ئایینە کە ئێستاش هەندێ شوێنەوار لەوێ بەوانەوە پێوەند دەدرێت.[18]

نیشانە و شوێنەواری ئەو ئایینانەی سەرەوە لە باکووری کوردەواری کە بەر باسی ئەم وتارەیە و تاڕادەیەکیش باشوور بە باشی دەبینرێت.[19] بۆ میناک، گۆڕ و زیارەتەکانی ئێگڵ/گێل (Gêl/Êgil) لە باکووری کوردستان کە پێشتریش ئاماژە کرا و وەک نیشانە و شوێنەوار پێوەند دەدرێن بە پێغەمبەرانەوە لەوانە ئایینە ئیبراهیمییەکانی پێش مەسیحییەت، لە شوێنە هەرە کۆنەکانە. ناوچەی ئێگڵ لە نزیکی چۆمی دیجلە یەکێک لە گرنگترین ناوەندە مێژووییی، چاندیی و توریستییەکانی کوردەواری لە پارێزگای ئامەد/دیاربەکرە کە زۆربەی خەڵکەکەی کوردی زازان. دەگوترێت هەم گۆڕی بە ئەگەرەوە چەندین پێغەمبەر و هەم گۆڕی پاشایانی ئاسووری لەوێدایە.[20] ئێگڵ بە "شاری پێغەمبەران" ناسراوە لەسەر ئەو باوەڕەی کە بە ئەگەرەوە گۆڕی پێغەمبەران ئەنوس (کە پێشتر ئاماژە کرا)، زولکیفل، ئەلیەسەع، هارون، زوننون، هاروت، دانیال و...[21] لەوێیە. هارونی نەبی کە مەزندە دەکرێت لە نێوان 900 بۆ 1000 ساڵی پێش لەدایکبوونی عیسا بووبێت، ئاسەف بن بەهریان (ئاسێف بن بەرخیا) وەزیری حەزرەتی سولەیمان بووە کە بە سەرۆکایەتی سوپاکەی لەگەڵ یەکێک تر لە پێغەمبەرانی خزمی ناوچەکە دەگرن و لەوێ دەمێننەوە و دەمرن کە گۆڕەکانیان لە گۆڕستانی هارونی نەبی دایە. زوننونی نەبی کە دەگوترێت هەر حەزرەتی یوونس بووە لەوێوە کە لە قورئاندا نازناوی زوننون بۆ حەزرەتی یوونس بەکارهێنراوە، مەزندە دەکرێت لە 800 بۆ 900 ساڵ پێش زاییندا بووبێت کە گۆڕەکەی لە بەشی چاپانی ئێگڵ دایە، هەرچەند لە داواکارییەکی تریشدا گۆڕی حەزرەتی یوونس لە باشووری کوردستانە لە رۆژهەڵاتی موسڵ. حەزرەتی زولکیفل لە پێغەبەرانی پێڕەوی حەزرەتی مووسا بووە کە دوو جار لە ٢ ئایەتی قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە و وەک دەگوترێت کوڕی حەزرەتی ئەییوب و هەروەها مامی حەزرەتی ئەلیەسەع بووە کە ئەرکی پێغەمبەرایەتی هەبووە و مەزندە دەکرێت لە نزیکەی 800 ساڵ پێش زاییندا ژیابێت و لە ئێگڵ کۆچی دوایی کردبێت. دانیالی نەبی یەکێک لە چوار کوڕەکەی حەزرەتی زولکیفل بووە کە گۆڕەکەی لە ئێگڵ دایە. حەزرەتی ئەلیەسەع کە پێڕەوی حەزرەتی مووسا و لە پاش حەزرەتی ئیلیاس بووە و لە دوو ئایەی جیاوازی قورئاندا ئاماژە بە ناوی کراوە، مەزندە دەکرێت لە 700 بۆ 800 ساڵ پێش زایین لە فەلەستین لەدایک بووبێت و لە ئێگڵ مردبێت. هەروەها ئاماژە بە هەندێ ناوی تری پێغەمبەران کراوە کە تاکو پێش لەدایکبوونی مەسیح لەو ناوچە بوون یان بۆ بانگەشەی ئایینی چوونەتە ئەوێ و گۆڕەکەیان لە ئێگڵی ئامەددایە.[22] گەرچی لەو جۆرە گۆڕانە کە بە ئەگەرەوە باسیان لێوە دەکرێت و هەندێ جاریش هەر بەو ناوانەوە لە شوێنەکانی تریش چ کوردستان و چ ناوچەکانی دەوروبەر هەیە، بەڵام وەک نیشانەگەلێک لە چالاکی ئایینە ئیبراهیمییەکانی سەردەمی کۆن و جوو لە کوردەواری دەکرێ رەچاو بکرێن. تەنانەت بە هۆی مێژوویی بوونی ئەو شوێنانە گەریش خودی کەسایەتییەکان نەبووبێتن، رەنگە پێڕەوانی سەردەمانی کۆنی ئەوان، ئەو گۆڕانەیان وەک هێمایەک بەوانەوە پێوەند دابێت کە دیسان بوونی ئەو ئایینانە لە ناوچەکە پیشان دەدات.

لەو پێوەندییەدا، جووەکان لە زۆر شوێنی کوردستاندا پەرستگە و چالاکی ئایینییان هەبووە. لەوانە دەکرێ بە پەرستگەی عیرسای (synagogue of Esra) لە دەوروبەری کەشتییەکەی نوّح لە کێوی جوودی ئاماژە بکرێت کە لە پەرتووکە

---

[18] See: François-Xavier Lovat, *Kurdistan: land of God*, London: GID, 2000.

[19] لە ناوچەکانی تری کوردەواریشدا هەندێ شوێن پێوەند دراون بە گۆڕی پێغەمبەرانەوە. بۆ وێنە لە باشوور دەڵێن لە نزیکی کەرکووک وەها شوێنێک هەیە/هەبووە.

[20] ئەم ناوچە ئەشکەوتی کۆن، گۆڕی پاشایانی سەردەمی کۆن و کۆشک و ئاسەواری زۆری لێیە لەوانە قەڵا و کۆشکی ئێگڵ (Eğil Castle) کە دەگوترێت لە سەردەمی ئاسوورییەکاندا و سەدەی نۆی پێش لەدایکبوونی مەسێح چێ کراوە. گۆڕی پاشا ئاسوورییەکان لە قەراخی بەنداوی دیجلەدایە.

[21] Prophet Dhul-Kifl /Zulkifl, Prophet Elyesa/ Elisha, Nabi Harun, Nabi Zennun, Nabi Harut, Nabi Danyal, Nabi Hallak…

[22] https://en.ilkha.com/haber/4734/graves-of-the-prophets-surfaced-after-the-recede-of-dam-water

پیرۆزەکاندا باسی کراوە و تا سەدەی نۆهەمدا لەلایەن جوولەکەکانەوە سەردان کراوە.[23] هەروەها دەگوترێت مزگەوتە گەورەی ئامەد سەرەتا پەرستگەی جووەکان و پاشان پەرستگەی مەجووسییەکان و دواتر بووەتە کەلیسا/دەیر و مزگەوت. وەک نموونەیەک لە چالاکی ئایینی جوو لە کوردستانی پێش مەسیحییەت و سەرەتای زایین، بەپێی سەرچاوەکانی ئایینی جوو هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشا کوردەکان لە کۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زاییندا ببوونە جوو. لەوانە دەکرێ بە هێلێنای شاژنی دەسەڵاتی هەزەبان (لە باشوور و بەشێکی باکووری کوردستان) و ئیزدی کوڕی کە دواتر دەبێت بە پاشای بەهێزی هەزەبان و هەروەها کوڕەکەی تری مەنوبازی دووەم ئاماژە بکرێت. ئەم بنەماڵە لە سەردەمی خۆیاندا زۆر یارمەتی دارایی جووەکانی ئورشەلیم/قودس دەدەن. هەروەها، لە سەدەی یەکەمی زایینیدا لە شەڕی نێوان جووەکان و رۆمییەکاندا هەزەبانییەکان بەشداری دەکەن. پاش مردنیان هێلێنا و ئیزدی لە ئورشەلیم دەنێژرێن کە لە سەدەی نۆزدەدا گۆڕەکەیان دەدۆزرێتەوە.[24]

هاوکات لەگەڵ ئەو قۆناخەی سەرەوە، کوردستان کە هەر لە سەردەمی میتانییەکان تا مادەکان و دواتر، لە ژێر کاریگەریی ئایینە فرەخواییەکان و ئێزدیدا بوو، لە سەردەمی هێخامەنشییەکانەوە کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی زاگرۆس مەزداپەرستی/زەردەشتیی/گەور دەبێتە ئایینی فەرمی، بە پاڵپشتی دەسەڵات لە کوردستانیشدا برەو دەدرێت. گەرچی هەندێ مێژوونووس باسی مێژووی زیاتر لە شەش هەزار ساڵەی زەردەشتیی دەکەن، بەڵام مێژووی متمانەپێکراوی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە 600 ساڵ پێش زایین. تەنانەت هەندێ جار ئایینی هێخامەنشییەکانیش نەک بە زەردەشتیی بەڵکو بە فرەخوایی زانراوە و فەرمی بوونی ئەو ئایینە دەگەڕێندرێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان. هەندێ مێژوونووس زەردەشتیان بە خەڵکی ناوچەی ئاتەرپاسی[25] کوردەواری زانیوە کە هاتوچۆی شاری حەرانی کوردستانی کردووە و دواتر چووە بەرەو رۆژهەڵات (خوراسان و ئەفغانستان) و پاشان دیسان ئایینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە. بەپێی ئەوەی کە زەردەشت لە ئاتەرپاس شوێنی دەسەڵاتی ماد و ماناکاندا بووە، دەگوترێت رەنگە سەرەتا بە زاراوەیەکی کوردی قسەی کردبێت. مێژووی ئاماژەکردن بە "کورد"یش لە ئاڤێستا (یەشت) دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدە پاش زایین.

هەرچۆنێک بێت، لە یەک دوو سەدەی پێش زایینەوە ئایینی زەردەشتیش لە ناوچە و شارەکانی کوردستاندا هەر لە لوڕستان، هەورامان تا ئامەد لە ژێر کاریگەری ئەشکانیەکاندا زیاتر بڵاو دەبێتەوە کە ئێستاش لە هەندێ شوێن تاڕادەیەک ئاسەواری پەرستگە و ئاورگەکانی ئەو سەردەمە ماونەتەوە. بۆ وێنە دەکرێ بە دوو شوێنەوار لە رۆژهەڵاتی کوردستان واتە ئاورگەی ئاور/ئازەرگوشنەسپ سەر بە شاری تیکاب کە تەختی سولەیمانی پێ دەگوترێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان و پێشتریش ئەو شوێنە شارێکی سەردەمی مادەکان و دەسەڵاتەکانی دواتری بووە و هەروەها پەرستگەی ئاناهیتا لە شاری کەنگاوەری کرماشان کە ئاسەواری سەردەمی ئەشکانییەکانە ئاماژە بکرێت. هەروەها، وەک دواتر ئاماژە دەکرێت، هەندێ مزگەوت و کەلیسا لەوانە کەلیسای مریەم و مزگەوتی گەورە لە باکووری کوردستان پێشتر پەرستگەی گەور بوون. لەو سەردەمەدا کوردەواری و دەسەڵاتە کوردیەکان کەوتبوونە نێوان دوو زلهێزی نوێوە، ئەشکانی (خاوەن ئایینی زەردەشتیی) لە ڕۆژهەڵات و ڕۆم لە باکور و ڕۆژئاواوە. کورد ئەو کاتە چەند ناوچەیەکی حوکمڕانی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆی هەبوو کە گرنگترینیان بریتی بوون لە ناوچەی دەسەڵاتی میدەکان[26]، ناوچەی دەسەڵاتی هەزەبانیەکان (لە ورمێیەوە تا هەولێر) و ناوچەی دەسەڵاتی کوردیان/کوردەوان (جزیرەی ئەمرۆ). ئەم ناوچانە هەرچەندە هەر یەکەیان پاشای خۆی هەبوو بەڵام بەهۆی سنووورداری دەسەڵاتیان کاریگەری دوو دەوڵەتی سەرەکی ڕۆم و ئەشکانیان بە ڕوونی لەسەر بوو. ئەو کاریگەرییە لە ئایین، زمان و زۆر ڕووی کەلەپوورییەوە ڕەنگی دابووەوە.[27] هەڵبەت پێشتر رۆمیش بۆخۆی لە ژێر کاریگەریی ئایینە کۆنەکانی کوردەواریدا بووە و فرەخوایی و جۆرێ میترائیزم کە بە گێرانەوەیەک بە هۆی پێوەندیی

[23] حەمەڕەش، 2013، ل. 322.

[24] حەمەڕەش، 2013، ل. 247-249.

[25] ئاتەرپاس واتە ئاگرپارێز و ناوچەکە ئاتەرپاسان بووە کە ئەوڕۆکە ئازەربایجانی پێ دەگوترێت.

[26] باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشێکی ئێستا ئازەربایجانی پێ دەگوترێت و پاش هێخامەنشەکان لەوێدا وەچەکانی ماد بە سەرۆکایەتی ئاتروپاتی مادی حکوومەتی ئاتریان دامەزراند.

[27] حەمەڕەش، 2013، ل. 243 و 271-273.

پێکهاتوو لە سەردەمی دەسەڵاتی سکەندەر و یۆنانییەکان، سلووکییەکان و ڕۆمییەکان لە ناوچەکەدا لە کوردستانەوە گەیشتبووە ڕۆم، پێش مەسیحییەت لەسەر باوەڕی ڕۆمییەکان کاریگەریی دانابوو.

**سەردەمی زەردەشتیی و مەسیحییەت**

لەگەڵ ڕێخەداکوتان و پتەوتربوونی ئایینی گەور لە کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵات کە دەسەڵاتی ئایینی خۆی بە پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی پاراستبوو و گەشەی سەندبوو، مەسیحییەتیش بەرەبەرە وەک جێگرەوەی ئایینە ئیبراهیمییەکانی تر لەوانە جوو لە کوردستان بەتایبەت لە باکوور، ڕۆژاوا و باشووردا پەرەی سەند. بە گەشەسەندنی مەسیحییەت و بوون بە ئایینی فەرمی ئیمپراتوری ڕۆم، کوردستانیش بوو بە گۆڕەپانی ڕکابەرایەتی ئەو دوو ئایینە و هەرکام لەوانە بە پاڵپشتی دوو زلهێزی ڕۆم و ساسانییەکان[28] بەشێک لە کوردستانیان خستە ژێر تەشەنەی زیاتری خۆیان. ئەو دۆخە تا کاتی هاتنی ئیسلام درێژەی هەبوو.

وەک پێشتر ئاماژە کرا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێ شوێنەواری زەردەشتییەکان بوونی هەیە و بە باشی مێژووی ئایینی پێش ئیسلامی ئەو ناوچە پیشان دەدەن و ڕوونکەرەوەی بەشێک لە مێژووی کوردن. لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم قۆناخەدا لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی ئەو کات کە ئایینی گەور زاڵ بوو، دەکرێ بە پەرستگە و ئاورگەکانی هەورامان ئاماژە بکرێت. هەروەها دەقی هۆنراوەی هورمزگان بە زاراوەی کوردی هەورامی لە سەر چەرم و پێستی ئاسک لە نووسراوە بەجێماوەکانی پێوەندداراو بە دەیەی دووەمی کۆچی و سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستانە کە تەشەنەی ئایینی گەور لە کوردستانی پیش ئیسلامدا بە باشی پیشان دەدات و گرنگتر ئەوەی کە بە زمانی کوردی شرۆڤەی ڕەوشی کاتی هاتنی ئیسلام و لەنێوچوونی ئایینی گەور دەکات:

هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان/ وێشان شاردەوە، گەورە گاوران

زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور/ گنای پاڵەیی، هەتا شارەزوور

شەن و کەنیکان وە دیل بەشینا/ مێرد ئازا تلێی وە ڕووی هوونینا

ڕەوشت زەردەشترە، مانۆوە بێ کەس/ بەزیکا نەیکا، هورمز وە هیچ کەس[29]

هەروەها، گەرچی ئەمڕۆ کورد کەمتر مەسیحییەت بە یەکێک لە ئایینەکانی خۆی دێنێتە ئەژمێر، بەڵام سەردەمانێک ئایینی زاڵ لە بەشێکی کوردستاندا بووە و چەندین کەسایەتی کورد لە ڕابردوودا لەو ئاینەدا بە پلە و پایەی بەرز گەیشتوون و کورد ڕۆڵێکی گرنگی لەو ئایینەدا بینیوە. دوای لە خاچدانی عیسا و لە سەدەی یەکەمی زاییندا هەندێک لە پێڕەوانی ڕووەدەکەنە شوێنە جۆراوجۆرەکان و نەتەوە جیاوازەکان لەوانە کوردەواری بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان. بۆ نموونە مار ماری (Mar Mari) ڕووی کردووەتە ناوچەکانی هەولێر و کەرکووک و زۆزان. بۆیە هەر لە سەدەی یەکەمی زایینییەوە لە کوردستاندا هەندێ کەس بوونەتە مەسیحی لەوانە بە کەسانێک لە باشووری کوردستان ئاماژە کراوە؛ بۆ وێنە دوو کەس بە ناوی زەردەشت و کوردەوا لە کۆڕی پاشای هەزەبانی هەولێر و لاوێک بە ناوی دۆستی لە ناوچەی گەرمیان/کەرکوک. هەر لەو سەدەدا ئاماژە بە کەسێ بە ناوی 'پاکیدە/پاکیزە کوڕی بێری' وەک یەکەم قەشەی باڵای مەسیحی لە هەولێر کراوە کە وازی لە ئایینی زەردەشتیی هێناوە و بووەتە مەسیحی. بەرەبەرە هەولێر و ناوچەی هەزەبانیەکان کە پێشتر لەبەر تەشەنەی ئایینەکانی جوو و گەوردا بوون، دەبنە ناوەندی ئایینی مەسیحییەت کە سەرچاوەکانی ئەو ئایینە ئاماژە بە پەرەسەندنی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەزەبانەکاندا دەکەن. بە گەشەسەندنی ئەو ئایینە لە کوردستاندا پێش هاتنی ئایینی

[28] ساسانییەکان پاش ئەشکانییەکان گەیشتنە دەسەڵات کە دەگوترێت گروپە کوردەکانیش بەشداری ئەو دەسەڵاتە بوون و هەندێکیش ڕەچەڵەکیان بە کورد دەزانن.

[29] لەسەر ئەم هۆنراوە بڕواننە بابەتەکانی عادڵ محەمەدپوور لە ژێر ناوی "هرمزگان؛ اولین شعر مکتوبِ هورامي" و "اصالت شعر هورمزگان".

ئیسلام زۆرێک کەڵیسا لە لادێ و شارەکانی کوردستاندا هەبووە و هەردوو هەولێر و کەرکوک ببوونە دوو ناوەندی گرنگی ئەو ئایینە لە ناوچەکەدا و هەولێر ناوەندی کەڵیسای ئاسووری رۆژهەڵات بووە و تەنانەت هەندێک جار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە لە کوردستانەوە قەشە چوونەتە وڵاتانی تری دوور و نزیک. دواتریش تاکو سەدەی دەیەمی زایینی ناوچەی هەزەبانی کوردەواری/هەولێر وەک ناوچەیەکی گرنگی مەسیحی مایەوە. یەکێک لە دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی هەزەبانییەکان کە ناوی مار قەرداخ بووە لە کەڵیسای رۆژهەڵاتدا بە شەهید هاتووەتە ئەژمێر و ئەورۆکەش لە هەولێر کەڵیسایەک بە ناویەوە هەیە. هەرچۆنیک بێت، مەسێحییەت پێش ئەوروپا و لە نزیکی شەشسەد ساڵ پێش ئیسلامیش لە کوردستاندا ئایینی بەشێکی زۆر لە کورد بووە. گەرچی ئەو ئایینەش لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتووە، بەڵام بەشێکی گرنگی مێژووی کوردە و کورد وەک ئیسلام ڕۆڵی لەوەشدا بینیوە و کاریگەری لەسەر ئەوە و مێژووکەی هەبووە و بەشێک لە مێژوو و چاندی کوردیش بەو ئایینەوە گرێدراوە و بەڵگەنامەی زۆر لەو ئایینە بەجێماون کە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕابردووی کورد یارمەتیدەرن.[30]

بەوجۆرە، پێش هاتنی ئیسلام، کوردەواری لە نێوان دەسەڵاتی دوو زلهێزی سیاسی رۆم و ساسانیدا، کەوتبووە ژێر کاریگەری بەربەرەکانێی سیاسی و ئایینی هەردووکیان. بە پاڵپشتی ئەو دوو دەسەڵاتە کێبڕکێی نێوان ئایینی زەردەشتیی و مەسێحییەت کە ببووە ئایینی دەوڵەتی ڕۆم و لە ناوچەکەشدا جێی ئایینی جووی گرتبووەوە، گەشەی سەندبوو. بۆیە بەشی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان زیاتر کەوتبووە ژێر کاریگەری ئایینی مەسێحی و بەشی ڕۆژهەڵات زیاتر ئایینی زەردەشتیی. ئاکامی ئەو کاریگەرییە ئێستاش بە کوردستانەوە دیارە. ئەو ململانێیە ئایینییە، هەلێکی بۆ بەردەوامبوونی چەندین ئایین و ئایینزای تری کوردی وەک ئایینی ئێزدی رەخساندبوو و هەندێک جاریش ببووە هۆی دەرکەوتنی ئایینی ناوەندگیر کە ئەوانەش لەسەر کوردەواری کاریگەر بوون. بۆ میناک، ئایینی مانەوی و مەزدەکیی کە بە ئەگەری زۆرەوە داهێنەرەکانیشیان کورد بوون، لەو ئایینە ناوەندگیرانە بوون. مانی کەسایەتییەکی مەزنی ناوچەکە و بە رەچەڵەک خەڵکی ئێکباتان/هەمەدان بوو کە بە هۆی کۆچی بنەماڵەکەی بۆ بابل لەوێ لە سەرەتاکانی سەدەی سێی زایینیدا لەدایک دەبێت. ئایینەکەی تێکەڵێک لە ئایینە جۆراوجۆرەکان بووە و زەردەشتی و مەسێحییەکان وەک مەترسی لەسەر خۆیان سەیریان کردووە. مەزدەکیش کە بەپێی هەندێ سەرچاوە خەڵکی زاگرۆس بووە، ئایینەکەی وەک رێچکەیەکی ئایینی مانەوی رەچاو کراوە یان لە ژێر کاریگەری ئایینی مانیدا هەوڵی چاکسازیی ئایینی زەردەشتی دابوو کە تا ماوەیەک پاش سەرهەڵدانی ئیسلامیش مابووەوە.[31]

هەروەها، ئەو ململانێیە ببووە هۆی ئەوەی کە لە کوردستاندا چەند ئایینزای مەسێحی لەوانە یەعقوبی دەربکەون. بەشێکی زۆری کورد بۆ خۆجیاکردنەوە لە مەسێحییەتی ڕۆمی، پەیڕەوی ڕێچکەی یەعقوبی بوون کە لە نزیکی سەدەی پێنجەمی زایینیدا لەلایەن قەیسەری ڕۆمەوە لە ژێر کاریگەری سیاسیدا، بە لادەر لە ڕێچکەی گشتی مەسێحییەت رەچاو کرا. بۆ وێنە خێنیاس کوردێکی مەسێحی یەعقوبی بووە کە لە ساڵی ٤٤٠ ز. لە گوندی تەهاڵ لە گەرمیان لەدایک دەبێت و بۆ خوێندن ڕوو دەکاتە شاری ئەستەمبوڵ و شارەکانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان لەوانە ئورفە و دەبێتە زانایەکی ئایینی گەورە. لەلایەن پەیڕەوانی ڕێچکەکانی تری مەسێحییەتەوە دژایەتی لەگەڵ کراوە و بە هۆی بیروباوەڕی ئایینی جیاوازی، لە کەڵیساکانی شاری ئورفە دەرکراوە. بەڵام دوای ماوەیەک دەسەڵاتدارێکی ئایینی بەناوی پۆڵ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و قەیسەری ڕۆم، ئەناستاسیۆسی یەکەم پشتگیری لێ دەکات و لە ساڵی ٤٨٥ی زایینیدا دەکرێ بە قەشەی باڵای شارۆچکەی "مەنبج" و هەر بە ناوی ئەو شارەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە نازناوی فیلۆکسینۆسی مابوگ/مابۆق (مەنبج) وەردەگرێت. زۆری نەخایاندووە دەسەڵاتی ئایینی کەوتۆتەوە دەستی نەیارەکانی و قەشەی باڵای ئەستەمبوڵی ڕۆم، خێنیاس بە لادەر لە ڕێچکەی گشتی مەسێحییەت دادەنێت و تۆمەتی مانەوی بوونی لێدەدەن و دواتر بە هاتنی قەیسەری نوێی ڕۆم، جەستینی یەکەم، دوور دەخرێتەوە بۆ شاری بلۆڤدیڤی بولگاریای ئەمڕۆ و هەتاکو کۆتایی ژیانی لە ساڵی ٥٢٣ ز لەوێ خەریکی نووسین دەبێت. خێنیاس چەندین بەرهەمی نووسراوی جیاوازی ئایینی هەیە و ڕۆڵی گەورەی لە تەواوکردن و نووسینەوەی

[30] حەمەڕەش، 2013، ل. 251 و 254.

[31] بڕواننە: حەمەڕەش، 2013، ل. 251. و بابەتەکانی ئەو نووسەرە وەک "چیرۆکی پاشای هەزەبانیی مارقەرداغ"، "مید و هەزەبانیەکان لە ململانێی ڕۆم و عەجەمدا"، "مانی پێغەمبەری کورد".

ئینجیلی ئارامی لە ساڵی ٥٠٨ زایینیدا هەبووە و هەر بە ناوی خۆیەوە، ئینجیلی خێنیاس، ئاماژەی پێ دەکرێت کە بۆ سەدان ساڵ باشترین ئینجیلی ئارامی بووە. جگە لەو کارەی، بە دەیان بەرهەم و نامە لە خێنیاس بەجێماوە.[32]

لە مێژووی مەسێحییەت لە کوردستاندا کەسانی ناوداری ئایینی تریش هەبوون. بۆ وێنە، برایم میدی و پۆڵ کاکەییش لە مەسێحییە ناودارەکانی سەردەمی خێنیاس بوون. تۆماس مەرگەییش کە خۆی لە سەردەمی ئیسلامیدا ژیاوە، لە پەرتووکەکەیدا باسی هەندێ کەسایەتی کوردی مەسێحی سەردەمی نزیک سەرهەڵدانی ئیسلام و پاش ئەوە دەکات. تۆماس کوڕی یاقوب و خەڵکی شیروانەی نزیک کەلار و کەرکوک لە سەدەی نۆیەمدا ماوەیەک قەشەی باڵای مەرگە بووە و بە تۆماسی مەرگە (تۆماس مەرگەیی) ناوبانگی دەرکردووە. تۆماس لە کەلیسا جیاوازەکاندا بووە و بە پێگەی ئایینی بەرز گەیشتووە و بە پێی نەریتی قەشە باڵاکانی کەلیسا لەو سەردەمەدا بەرهەمی نووسراوی هەبووە. پەرتووکێکی گرنگی لە ژێر ناوی "پەرتووکی حوکمڕانەکان"[33] لەسەر مێژووی کەلیساکانی ناوچەکە بریتی لە کوردستان بە زمانی ئارامی، زمانی ئەو کاتی ئایینی مەسێحی، نووسیوە کە سەردەمێکی دەوڵەمەندی بیر و ئایینی کوردستان دەخاتە ڕوو. تۆماس لەو کتێبەدا باسی زۆر کەسایەتی گرنگی کەلیساکانی هەزەبان (هەولێر) و گەرمیان و ناوچەکانی نوسەیبین (باکوری کوردستان) و زۆر لە ناوچەکانی تری دەوروبەر لە سەردەمی خۆی و پێش خۆی، کردووە. ئەو بۆ نموونە باسی ژیانی کەسایەتییە مەسێحییەکانی وەک جوبرائیلی شارەزووری و یوسفی شارەزووری دەکات کە خزم و خەڵکی شارەزوور بوون و لە نزیکی کۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەم واتە کەمتر لە سەد ساڵ دوای سەرهەڵدانی ئیسلام ژیاون و کەسایەتی پایەبەرز بوون لەو ئایینەدا و لە مێژووی مەسێحییەتدا ناویان هاتووە. یوسف قەشەی باڵای گەرمیان بووە و جوبرائیل کەسایەتیەکی زانا بووە و چەندین بەرهەمی نووسراوی هەبووە و وتووێژکارێکی بە توانا بووە.[34]

ئێستاش لە کوردستاندا هێشتا کەمینەیەک مەسێحی یان نەستۆرییەکان هەن و ئەوە بەردەوامی ئەو ئایینە لە مێژووی کوردستاندا پیشان دەدات. گەرچی ئەمڕۆ ئەو مەسێحییانە ڕەنگە بە ناوی جۆراوجۆرەوە بانگ بکرێن بەڵام سەبارەت بەوان دوو گریمانە هەیە؛ یەکەم، زۆربەیان لە باری نەتەوەییەوە کوردن و بە هۆی ئایینەکەیانەوە وردەوردە بە درێژایی مێژوو زمانیان گۆڕدراوە و کەوتوونەتە بەر کاریگەریی زمانی ئارامی وەک زمانی فەرمی مەسێحییەت و ئێستا بە هەڵە خۆیان پێوەند دەدەن بە کەمەنەتەوەکان و وەک پاشماوەی نەتەوە کۆنەکان خۆیان دەناسێنن. دووەم، هەندێکیان پێوەندییان بەو کەمە نەتەوانەوە هەیە کە بە درێژایی مێژوو لە کوردستاندا هەبوون یان پاش هاتنیان بۆ کوردستان لەوێ ماونەتەوە و بە وەرگرتنی ئایینی مەسێحی لەسەری ماونەتەوە و زمانیان بووتەوە زمانی فەرمی ئەو ئایینە وەک کەلدانی و ئارامییەکان کە دەقەکانی ئەو ئایینە سەرەتا بە ئارامی وەک زمانی نووسینی ئەو کاتەی ناوچەکە لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە، نووسراون.[35] هەرچۆنێک بێت، تێکەڵێک لەو دوو گریمانە دەکرێ بە ڕاست بزانرێت واتە هەم هەندێ کورد بە هۆی ئایینەکەیانەوە و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کەمەنەتەوەکانی تر زمانی ئارامییان وەرگرتووە و هەم کەمەنەتەوە مەسێحییەکان خۆشیان ماونەتەوە و بەشێک لە مەسێحییەکان پێکدەهێنن.

---

[32] بڕواننە: حەمەڕەش، 2013، ل. 254. و بابەتی تری ئەو نووسەرە لەسەر "خێنیاس قەشەیەکی باڵای کورد".

[33] پەرتووکی "The Book of Governors" کە لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا نووسراوە لەلایەن E.A. Wallis Budge (1857 - 1934) وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی.

[34] بڕواننە: حەمەڕەش، 2013، لل. 386-388. و بابەتەکانی تری لەسەر "تۆماس مەرگەیی، مێژوونووسی کوردی مەسێحی"، و "ئایینی کریستییەن و کریستییەنە کوردەکان".
جێی ئاماژەیە کە ئایینی مەسێحییەتیش وەک ئایینەکانی تر بەتایبەت ئیسلام لەسەر چاندی کوردی لەوانە بەکارهێنانی ناوەکان کاریگەر بووە و بوونی هەندێ ناوی ئارامی وەک زمانی ئەو ئایینە بە واتای کورد نەبوونی کەسایەتییەکان نەبووە وەک چۆن ئێستاش زۆر خەڵکی کورد و نەتەوەکانی تر ناوەکانیان عەرەبییە. بەپێچەوانەش، هەڵبەت دیارە کە کەسایەتی ئایینی لە نەتەوەکانی تریش هاتوونەتە کوردەواری و لەوێ ماونەتەوە.

[35] جێی ئاماژەیە کە هەندێ جار بە هەڵە بە مەسێحییەکانی کوردستان، ئاشووری وتراوە و مەسێحی و ئاشووری لە جێی یەکتر بەکار هێنراون. دیارە ئایین جیاوازە لە ڕەگەز و نەتەوە. بۆیە ئاشووری ناوێکی نوێیە کە دەگوترێت لە سەدەی بیستەوە و لە ژێر کاریگەریی ئینگلیزییەکاندا بۆ مەسێحییەکانی کوردستان بەکار هێنراوە و لە باری ڕەگەزییەوە ڕەنگە پێوەندیی بە ئاشوورییەکان و پاشا ئاشوورییەکانی سەردەمی کۆنەوە نەبێت. لەو بوارەدا، بڕواننە: حەمەڕەش، 2013، ل. 383.

**سەردەمی ئیسلامی و موسڵمانێتی تاکو ئێستا**

بە سەرهەڵدانی ئیسلام لە سەدەی حەوتەم و پاش ئەوەی رووی کردە کوردستان، بەرە بەرە ئایینەکانی تر بار و بنەیان لە کوردستان هەڵپێچا و ئەو ئایینە بە پاڵپشتی دەسەڵاتی سیاسی وەک ئایینی زاڵ جێی هەردووکی زەردەشتیی و مەسیحییەتی لە سەرتانسەری کوردستاندا گرتەوە و تاکو ئێستا زاڵیەتییەکەی بەردەوام بووە. بۆیە مێژووی پتر لە 1400 ساڵی گەلی کورد و کوردەواری لەگەڵ مێژووی ئیسلام و موسڵمانان لە ناوچەکە پێچراون بە یەکتردا و تێکاڵاون. زۆربەی هۆز و میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکان لەوانە حەسنەوییەکان، حەمیدییەکان، بەنی عەیاران، هەزار ئەسپان (ئەتابەکانی لوڕستان)، مەروانییەکان، رەوادییەکان، شەدادییەکان، ئەییوبییەکان، میرنشینەکانی دواتر تا دەسەڵاتی زەندییەکان و... موسڵمان بوون. بەشێک لە مێژووی کورد لە نێو مێژووی ئیسلامی و توێی پەرتووکی مێژوونووسانی موسڵماندا دەرهێنراوە یان دەهێنرێتە دەرەوە و مێژوونووسانی کورد وەک سەرچاوە کەڵکیان لێوەرگرتوون. ئیسلام لەو ماوەیەدا کاریگەری هەمەلایەنەی زۆری لەسەر کوردەواری هەبووە و ئێستاش کوردەواری هەڵگری بەشێکی زۆر و گرنگی شوێنەوار و چاندی ئیسلامییە و ئەو چاندە بەشێکی گرنگی چاندی کوردەواری پێکدەهێنێت. کوردیش لەسەر مێژوو، چاند و سیاسەتی سەردەمی ئیسلامی کاریگەریی هەبووە؛ لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (وەک 'جابان کورد' یەکەم کوردی موسڵمان) بگرە بۆ زانایانی باڵای ئیسلامی و مێژوونووسان تاکو حوکمڕانانی سیاسی وەک سەلاحەدین ئەییوبی و.... لە سەردەمی نوێیشدا، تا ناوەڕاستی سەدەی بیست سیستەمی خوێندنی ئایینی لە مزگەوتەکان بارهێنەری خوێندەوارانی کورد بووە و زۆرێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکان، وێژەوان و رووناکبیرانی کورد بارهێنراوی حوجرەی فەقێیەکان بوون.[36]

وێرای زاڵیەتی ئیسلام لەو سەردەمەدا، لە پاش هاتنی ئیسلام ئایینەکانی تریش وەک کەمینە لە کوردستاندا مانەوە لەوانە جوو، ئێزدی و مەسێحی، یان سەریانهەڵدا لەوانە ئایینی یاری یان یارسان (ئەهلی حەق/کاکەیی). ئایینی یاری کە وەک شێوەیەکی نوێیە لە ئایینی کوردیی ئێزدی و لە هەندێ بنەمادا لەگەڵی کۆکە و زمانەکەی کوردییە، لە ژێر کاریگەری ئایینە ئیبراهیمییەکانی جوو، مەسێحی و ئیسلامی و هەروەها گەور و مانەویشدا بووە. دامەزراندنی ئەو ئایینە عیرفانییە کە هەڵقوڵاوی ناو خەڵکی کوردە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یانزەی زایینی، گەرچی مێژووی هەندێ دەقی ئایینی و نزا و پاڕانەوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی سەرەتای ئیسلام و پێش ئیسلام. پەرتووکی پیرۆزیان "کەلامی سەرەنجام" لە دەقە بەنرخ و سەرەتاییەکانی وێژەی کوردی دێتە ئەژمێر. هەروەها دەقە ئایینی و عیرفانییەکانی ئەو ئایینە بە زمانی هۆنراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی زایینی لەوانە کۆمەڵە هەڵبەستی باڵۆڵی ماهی دینەوەری کە زۆربەیان ئایینین. هۆنراوە عیرفانی-ئایینییەکانی بابا تاهیری هەمەدانیش وەک کەسایەتی یارسانی سەدەی 11ی زایینی گرنگایەتی تایبەتی هەیە. ئەو ئایینە کە بەوجۆرە خزمەتی مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی کردووە تا سەدەی نۆزدە لە ناو بەشێکی بەرچاو لە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان و تاڕادەیەک باشووردا پەرەی سەندبوو و دواتر کاڵ بووەوە. تاڕادەیەکی کەمیش لە ناو فارس و تورکدا بڵاوەی کردووە و پێرەوانێکی هەیە. زۆربەی شوێنە پیرۆزەکانیان لە هەورامانە و جەمخانە شوێنی بۆنەی ئایینی و نزا و پاڕانەوەیانە. پێرەوانی ئەو ئایینە بەتایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا لە ئێران لە ژێر گوشار و هەڵاواردنی ئایینیدا بوون و زۆر جار بە ناچار ئایینی خۆیان شاردووەتەوە.

**باکووری کوردستان؛ بینگەی مێژووی ئایینی**

وەک پێشتر بە درێژایی بابەتەکە ئاماژە کراوە، شوێنەواری کۆنی زۆر لە کوردەوای و بەتایبەت باکووری کوردەواریدا هەیە. باکووری کوردستان بەشێک لە مێزۆپۆتامیای سەرەوەیە و ئایینە جۆراوجۆرەکان شوێنەواری خۆیان لەوێ بەجێهێشتووە و تاکو ئێستاش هەندێکیان لەوێ زیندوون و ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە وەک بینگەی مێژووی ئایینی دەرکەوێت. گەرچی دەوڵەتی تورک هەوڵیداوە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا شوناسی مێژوویی کوردستان بسڕێتەوە لەوانە قەڵا جۆراوجۆرەکانی کوردستان کە زۆربەیان بە هۆی پێ رانەگەیشتن کاول و وێران بوون، وەک قەڵای وان و قەڵا و

[36] بە هۆی مانەوە و بەردەوامی ئایینی ئیسلام لە کوردستان و نزیکی سەردەمەکەی و زیاتر روون و راشکاوبوونی و هەروەها توێژینەوەی زۆری بەردەست لێرەدا ئەوەندە بە پێویست نەزانراوە کە تیشکی زیاتر بخرێتە سەر ئەو سەردەمە.

دیواری مەزنی ئامەد، بەوەشەوە بەپێچەوانەی شوێنە نائایینییەکان، تاڕادەیەک بە هۆی پیرۆزبوونیان شوێنە ئایینییەکان پارێزراون لە شەڕی نەیارانی کورد و مێژووکەی، کە ئەوەش دەکرێ لانیکەم وەک کردەیەکی ئەرێنی ئایین بۆ کوردستان رەچاو بکرێت. بێجگە چاندی ئیسلامی کۆن، باکووری کوردستان کە لە بەر تەشەنەی مەسێحییەتدا بووە بە روونی پاشماوەی چاندی مەسێحییەتی پێوە دیارە. لەو شوێنانە کە بەشێکی هەرە گرنگ لە شوناسی کۆنی کوردستان پێکدەهێنن دەکرێ بە شوێنە ئایینییە مێژووییەکانی ئامەد ئاماژە بکرێت. لە ئامەد وەک گەورەترین و لە کۆنترین باژێرەکانی کوردستان، هەندێ شوێنی پیرۆزی ئایینی هەن کە بە جوانی پیشاندەری کۆنینە بوون و مێژووی شارستانییەت لە کوردستانن و گرنگایەتی مێژوویی ئامەد پیشان دەدەن. بەشی کۆنی قەڵای ئەو باژێرە بە دیوارێکی سێ لایەنە بە درێژایی 5-6 کیلۆمەتر دەورتادەوری گیرابووە و چەند دەروازەی گەورە و بورجی زۆری چاوەدێریی هەبووە. یەکەم دیوارەکانی باژێرەکە لە سەردەمی رۆمییەکاندا لە 297 پاش زایین دەکرێنەوە و دواتر پەرەیان پێدراوە کە ئێستاش پاشماوەی ماوەتەوە. بە هۆی ئەوەی کە پێشتر ئاماژە بە مێژووی ئایینەکانی تر لە باکووری کوردەواری کراوە، گەرچی کۆمەڵێکی بچووکی جوولەکەش لەوێدا هەن، لێرەدا زیاتر جەخت دەخرێتە سەر هەندێ مێژوو و شوێنەواری مەسێحییەت و ئیسلام لەو باژێرەدا.[37]

---

[37] باژێری ئامەد/دیاربەکر کە وەک پێتەختی نافەرمی کوردستانی باکوور رەچاو دەکرێت، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئامەد لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی خۆیدا بێشکە و لانکی نزیکەی ٢٦ شارستانییەتی جیاواز بووە. مێژووی دیاربەکر لەگەڵ پاشایەتی هوری-میتانییەکان لە 1500 پێش زایین دەست پێ دەکات و درێژە دەدرێت بە حوکمڕانی و زاڵیەتی شارستانییەتەکانی هوڕی-میتانی، هیتی و ئاسوورییەکان و پاشایەتی بیت-زامانی ئەرامەنە (1300 پ.ز) حوکمڕانی ئورارتو (900 پێش زایین)، ماد (678- 550 پێش زایین)، و سکەندەری گەورە و جێنشینەکانی سەلووکییەکان. لە 189ی پێش زایینەوە بۆ 384ی پاش زایین، ناوچەی رۆژهەڵات و باشووری ئامەدی ئێستاکە لە ژێر حکوومەتی پاشایەتی کوردی بە ناوی کوردەوان/کوردیان (Corduene) بووە. حکوومەتی کوردەوان لە 66 پێش زایینەوە بە هۆی زاڵیەتی رۆمییەکان دەبێتە هاوپەیمانی ئەوان و حکوومەتێکی سەر بەو ئیمپراتوورییە دەبێت و لە 115 رۆمییەکان دەست بە سەر ئامەددا دەگرن کە "ئامیدا"یان (Amida) پێ گوتووە. هەڵبەت هەندێکیش دەڵێن پێشتریش ئەرمەنییەکان کە ماوەیەک دەست بە سەر ناوچەکەدا دەگرن هەر ئامیدیایان بەکار هێناوە. لە باری زمانەوانییەوە گوتراوە کە 'ئا' لە کوردیدا بە واتای گەورەیە و "مید/مەد" لە ماد و مێدیاوە هاتووە بۆیە ئامەد بە واتای "مادی گەورە" بووە. گەرچی سەردەمی دەسەڵاتی ماد، مادی گەورە رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێتەختی ئێکباتان/هەمەدان بووە، وێدەچێت وەک باژێرێکی سەر بە مادی گەورە، ئەو ناوەی بە سەردا نراوە یان دواتر کە بە هۆی پەلاماری دەسەڵاتەکانی ترەوە زۆرینەوەی کوردانی پاشماوەی دەسەڵاتی ماد لەو ناوچە دەبن بۆیە بە مادی گەورە ناو دەردەکات. لە روانگەیەکی ترەوە مەسێحییەکان ناوی ئەو شارە دەگێڕنەوە بۆ سەدەی یەکەمی زایینی کاتێ مەسێحییەت لە ئورفەوە دێتە ئەوێ و پێیان گوتووە ئامید (Amid) کە لە زمانی سریانیدا بە واتای چەمکی مەسێحی "رزگاریی" بووە. گەرچی مێژووی دیوار و قەڵای دیاربەکر دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمانی زۆر کۆنتر، بەڵام بەپێی ئەوەی کە روون بووەتەوە، لە سەردەمی رۆمییەکاندا لە 297ی پاش زایین یەکەم دیوارەکانی باژێرەکە بەو شێوەیە دەکرێنەوە و دواتر بە فەرمانی ئیمپراتوری رۆم کۆنستانتین دووەم لە 349دا پەرەیان پێ دەدرێت. لە 359ی پاش زایین شاپووری دووەمی ساسانی دەستی بە سەردا دەگرێت و حکوومەتی کوردانی ئەوێ گرێ دەدات بە دەسەڵاتەکەی خۆیەوە. پاشان چەندین جار لە نێوان رۆم و ساسانیدا دەساودەس دەبێت تا کاتی دەست بەسەرداگرتنی عەرەبەکان. کاتێک لە دەست بیزانسییەکاندا بوو لەلایەن موسڵمانەکانەوە لە 639ی زایینیدا ناوچە و باژێرەکە دەستیان بە سەردا گیرا و دواتریش لەلایەن ئومەوی و عەباسییەکانەوە کۆنترۆڵ کرا. لە پاش ئیسلام، دیاربەکر وەک ناوی ناوچە و باژێرەکە پێوەند دراوە بە هۆزی 'بەکر'ەوە واتە دیاری بەکر. هۆزی بەکر بە سەرکردایەتی بەکر بن وائل، لەو هۆزانەی مێزوپۆتامیا بوون کە لە بنەڕەتدا عەرەب نەبوون و رەچەڵەکیان دەگەڕێننەوە سەر حەزرەتی ئیبراهیم و پاش سەرهەڵدانی ئیسلام دەبنە موسڵمان و یارمەتی سوپای ئیسلامیان داوە لە گرتنی ناوچەکەدا. هەرچۆنێک بێت، پاش لاوازبوونی کۆنترۆڵی عەباسییەکان بە سەر ناوچەکەدا و سەرهەڵدانی حوکمڕانی حەمدانییەکان لە موسڵ لە سەدەی 10دا، ئامەد راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان هەڵدەسووڕا واتە لە ژێر دەسەڵاتی حەمدانییەکان، مەروانییەکان، ئیلخانییەکان، ئەییوبییەکان، قەراقوینلو و ئاق قوینلووەکان و... تاکو لە 1497 ز. دەکەوێتە بەر کۆنترۆڵی سەفەوییەکان و پاشان لە 1516-1515 دەکەوێتە بەر کۆنترۆڵی عوسمانییەکان و وەکو ویلایەتێکی گرنگ و گەورەی ئەوان بوو. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە هۆی نزیکایەتی لە دەوڵەتی سەفەوی گرنگایەتی ستراتیژیکی هەبوو و ببووە بنکەیەکی هێزە چەکدارەکان بۆ رووبەڕووبوونەوە و پاراستن لە بەرانبەر هێرشی سەفەویەکاندا. لە سەدەی 16 بەدواوە پێتەختی ئەیالەتی دیاربەرکر بوو کە زۆرێک لە پارێزگاکانی باکووری ئێستاکەی کوردستانی دەگرتەوە. لە سەدەی 16 و 17ی زایینییەوە ئەم ناوچە و کوردەواری بە گشتی ناوچەی رکابەرایەتی نێوان سەفەوی و تورکانی عوسمانی بوو. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا حکوومەتی قوستەنتەنییە/ئەستەمۆڵ هەوڵیدا دەسەڵاتی خۆی بە سەر ناوچەکەدا بسەپێنێت بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەوە کە رێبەرانی کوردی سەربەخۆیی خواز سەریانهەڵدابوو. لە سەردەمی تازەی کۆماری تورکیادا لە 1937 بەملاوە هەوڵ دەدرێت ناوی دیاربەکر گرێ بدرێت بە "ناوچەی مس" بە هۆی کانزای مس کە لەوێدا هەیە. لە دوایین رێکخستنەوەی پارێزگاکاندا دیاربەکر بوو بە ناوەندی پارێزگای دیاربەکر. لە 1925دا هێزی تورک شۆڕشی کوردانیان بە رێبەری شێخ سەعید لە دژی ئاتاتورک سەرکوت کرد و بە هەزاران کوردیان کوشت. لە پاش

مەسێحییەت کە لە سەدەی یەکەمی زاییندا لە ئورفەوە دەگاتە ئامەد، لە سەدەی چواری زاییندا لەو شارەدا پەرەی سەندبوو. پاش بە دەسەڵاتی سیاسی گەیشتنی ئایینی مەسیح لە رۆم، ئیمپراتوری بیزانس تیۆدۆسیسی دووەم (408-450) ویلایەتی رۆمی نێوان دوو چۆمی (مێزۆپۆتامیا) کرد بە دوو پارێزگا و ئامەد/ئامیدا کرا بە پێتەختی یەکەمیان و هەروەها هەرێمی شاریی بۆ هەموو پێگە قەشەییەکانی پارێزگا. بە هاتنی ئیسلام بۆ ئەوێ، بەرەبەرە کوردانی مەسێحی گۆڕدران بەڵام کەمینەی مەسێحی کە زیاتر کەمەنەتەوەکانی تری ناوچەکە بوون تارادەیەک لە شوێنەوارەکانی مەسێحییەت پارێزگارییان کرد و هەبوونی ئەوانە بووە هۆی بە زیندوویی مانەوە و درێژەی ئایینی مەسێحییەت و بە جۆرێ مانەوەی شوێنە پیرۆزەکانی ئەو ئایینە لەو باژێرەدا. لەو کەمینانە کەلدانی و ئاسوورییەکان لە کۆنەوە لەوێ هەبوون کە وەک ئاماژە کرا ئاسوورییەکان رەنگە هەر کوردە مەسێحییەکان بن کە لە ژێر کاریگەریی ئەو ئایینەدا زمانیان گۆڕدراوە یان پاشماوەی ئاسوورییەکانی سەردەمی کۆن بن و هەرچۆنێک بێت وەک ئاسووری دەناسرێن، بەڵام ئەرمەنییە مەسێحییەکان لە سەدەی 8ی زایینیەوە لەوێ نیشتەجێن. لە هەندێ قۆناخدا، لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدەدا، ئامەد بوو بە ناوەندی هەرێمی چالاکی مەسێحییە ئەرمەنییەکان. لە سەدەی نۆزدە حەشیمەتی مەسێحی باژێرەکە زیاتر ئەرمەنی و سیریاک/ئاسووری بوون. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بەتایبەت لە 1895دا و پاشان لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە 1915 زۆریک لەو دوو کەمینە لەلایەن حکومەتی تورکانەوە لە ویلایەتی دیاربەکر بریتی لە باژێرەکە کۆمەڵکوژی کران و لە باژێرەکە دەرکران. ئەورۆکە، کەلیسای ئارامی مەریەمی پیرۆز/پاک[38]، یەک لە سەمبولە ئایینییەکان و یەک لە دە کەلیسای سریانی ئامەدە. ئەو کەلیسایەی ئۆرتۆدۆکسی سیریاک سەرەتا پەرستگەی گەور یان ئایینە نامەسێحییەکان بووە کە لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا چێ کراوە و بینای ئێستاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێی زایینی کە زۆر جار نوێکراوەتەوە و ئەورۆکەش هێشتا وەک شوێنی پەرستین بەکاردەهێنرێت و زیندووە. لەو ساڵانەی دواییدا دوو کەلیسای کەلدانی و سێ کەلیسای ئەرمەنی چالاک بوون، ئەوە لەکاتێکدایە کە هەندێ لە کەلیساکان خەریکە لەنێو دەچن.

بێجگە مانەوەی مەسێحییەت بەو شێوەی سەرەوە، کاریگەریی شاراوەی شێوەکردنەوەی بینای رۆمی-مەسێحی لە ئامەدی سەردەمی ئیسلامیدا ماوەتەوە. سەیری شێوازی کردنەوەی هەندێ لەو مزگەوتە کۆنانە زاڵیەتی ئەو شێوەکردنەوەیان هێشتا پێوە دیارە و لە ژێر کاریگەریی ئەوەدا کراونەتەوە. ئەم شێوەیە بەجۆرێ لە مزگەوتی گەورە و لە مزگەوتەکانی حەزرەتی سلێمان و شێخ مەتار و نەبیدا دەردەکەوێت. لە یەکەم و گرنگترین شوێنە ئایینیەکانی موسڵمانانی ئامەد مزگەوتی گەورەیە (مزگەفتا مەزن)[39] کە لە پێش ئیسلامیش شوێنەکەی هەر شوێنی پیرۆزی ئایینەکانی تر بووە و دەگوترێت چەند ئایینی بەخۆیەوە بینیوە لەوانە جوو، گەور/مەجووسی، مەسێحی و ئیسلام. جێی ئاماژەیە کە بەپێی هەندێ بیرورِا مزگەوتی گەورە پێنجەم شوێنی پیرۆزی موسڵمانانە (پێنجەم مزگەوت) کە مێژووە سەرەتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 639ی زایینی کاتی گرتنی ئەو باژێرە لەلایەن موسڵمانانەوە. پێش مزگەوت کەلیسا بووە (کەلیسای سێنت تۆماس) و بۆ ماوەیەکیش تەنانەت پاش

سەرهەڵدانی نوێی کوردان لە 1984 بە دواوە ئەم باژێرە ناوەندی شۆڕش بووە و لە 2002 بە دواوە حکوومەتی تورک فەرمانی فریاکەوتنیی بۆ 15 ساڵ لەوێدا راگەیاند. وەک ئاماژە کرا، زووتر باژێرەکە دەوری بە دیوارە کۆنەکانی چێکراو لە بەردی رەشی بازاڵت گیرابوو کە هێشتا شوێنەواری ماوە و بەوبۆنەوە بەو شارە قەڵا یان دیواری رەش یان ئامەدی رەشیشیان گوتووە. دیوارە سێ لایەنەکانی کە میناکێکی بەرچاو لە هونەری چەکداریی (سەربازیی) سەدەکانی ناوەڕاستە، لە سەردەمی عەرەب و تورکەکاندا پەرەیان پێ درا و نوێ کرانەوە کە نزیکەی 5-6 کیلۆمەتر (3.4 مایل) درێژن و بورجی زۆریان هەیە. دیواری دەوروبەری قەڵای ئامەد بە تایبەتمەندی جیاوازی خۆیەوە کە لە رێگای چەند دەروازەی مەزنەوە بۆ دەرەوە دەکرێتەوە و هێشتا بەشگەلێکی وەک خۆی ماوەتەوە، گەر خاوەنی خۆی هەبایە و لە ناو نەبرایە لە جوانترین و کۆنترین و سەرنجڕاکێشترین شوێنە گەیشتیارییەکانی جیهان دەبوو. لەو ساڵانەی دواییدا زۆرێک لە قەڵا و دیوارەکە لەلایەن حکوومەتی تورکەوە روخێندرا و تێکدرا و خەریکە لەنێو دەچێت و هیچ پارێزگاریی لێناکرێت. لە 2015 و 2016دا لە شەڕی نێوان شۆڕشگێرانی کورد و داگیرکەرانی تورکدا بەشێکی زۆری دیوارەکە (سوور) لەلایەن حکوومەتەوە تێکدرا. وێرای دەسکاری پێکهاتەی جەماوەری ئەو باژێرە، ئێستاش زۆرینەی حەشیمەتی کوردن و بە کوردی دەدوێن (نزیک 80%). هەروەها، دوای کورد، رێژەیەک تورک و پاشان کەمینەگەلێکی بچووکی ئەرمەنی و... لەوێ نیشتەجێن. بڕواننە:

https://www.britannica.com/place/Diyarbakir-Turkey

http://www.turkeyforyou.com/turkey_diyarbakir_history

http://www.inesegconferences.org/iensc/city-of-diyarbakir/

38 Diyarbakır Virgin Mary Church/ Meryemana kilisesi

39 Great/Ulu Mosque

گۆڕانی بە مزگەوت لەلایەن هەردووکی مەسیحی و موسڵمانانەوە بەکارهێنراوە و دواتر ئەم بینایە بە شێوەی ئێستاکەی بە فەرمانی سوڵتان مەلیک شای سەلجووقی (1091 ز.) کراوەتەوە. کۆنترین و یەکێک لە گرنگترین مزگەوتەکانی مێزۆپۆتامیایە کە جێی سەرنجە بە هۆی دیزاینی سەرەکی و کەرستەی سەردەمی بیزانس (ڕۆمی شەرقی) و شێوەکردنەوەی/مێعماری کۆنی. ئەم مزگەوتە بە هۆی بوونی هەر چوار ئایینزاکەی سوننە لەوێدا بەناوبانگ بووە و هەر لایەک لە مزگەوتەکە پێوەندیی بە ئایینزایەکەوە هەبووە و خوێندنگەی بەناوبانگی (خوێندنگەی مەسعودییە) هەبووە. هەروەها، مزگەوتی حەزرەتی سولەیمان (1155–1169) یەکێکی تر لە شوێنە پیرۆزەکانە کە بێجگە شێوازی کردنەوەی، بە هۆی بوونی گۆڕی سولەیمان کوڕی خالید بن وەلید و چەندین سەحابەی تر کە لە کاتی گرتنی باژێرەکەدا دەکوژرێن و لەوێ دەنێژرێن و دواتر دەبێتە زیارەتگەی موسڵمانانی ئەوێ و ئەو مزگەوتەش بە ناویەوە کراوەتەوە، گرنگایەتی تایبەتی مێژوویی-ئایینی هەبووە.[40]

هەرچۆنێک بێت، چۆن حکوومەتی تورک لە ئایین بە قازانجی ناسیۆنالیزمی خۆی و سڕینەوەی شوناسی کوردەواری کەڵکی وەرگرتووە، بەو شێوەی لەگەڵ شوێنە پیرۆزە ئایینیەکان هەڵسوکەوتی کردووە لەگەڵ شوێنەکانی تر نەیکردووە، و لە ژێر ناوی ئایینیدا ئەو شوێنانە ماونەتەوە. هەرچەند بە گوێرەی شوێنەکانی تری تورکیا، دیسان کەمترخەمی زۆریش سەبارەت بەو شوێنانە لە کوردەواریدا هەبووە و ئەوەندە هەوڵی پاراستنی ئەوانە نەدراوە. شوێنەوارە کۆنە پیرۆزەکان نابێت تەنیا لە ڕوانگەی ئایینییەوە سەیر بکرێن و پێویستە لەلایەن بزاڤی کوردییەوە وەکو بەشێکی گرنگ لە شوناسی مێژوویی کوردستان لە سیاسەتی کوردیشدا سەرنج بدرێن و بەوجۆرە لەگەڵ کەڵکی نالەبار وەرگرتنی ناسیۆنالیزمی تورک لەوانە بەرەنگاری بکرێت. ئەم شوێنانە کە مێژووی کورد و کوردستانیان پێوە دیارە و هەندێکیان سەردەمانێک جێی گەورە پیاوانی کورد لە هەموو ئایینەکان بوون لەوانە پێشەنگانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد وەک مەلای جزیری، خانی و... گرنگایەتی تایبەتیان هەیە و پێویستە بپارێزرێن لە هەرچەشنە زیانێک بە هۆی سیاسەتی حکوومەتە شۆڤێنییەکانەوە، کە زیانگەیاندن بەوانە گورز وەشاندن لە بەشێکی گرنگی شوناسی کوردستانیی بوونە.[41] لەو پێوەندییەدا سیاسەتی ئاو و بەنداو جێی سەرنجە کە لە درێژەدا باس دەکرێت.

---

[40] http://www.inesegconferences.org/iensc/city-of-diyarbakir/;
https://hometurkey.com/en/destinations/diyabakir

[41] دیارە حکوومەتی تورک بە دوای سڕینەوەی شوناسی کوردەواریەوەیە و نە خۆی سەرنجی شوێنەوارەکانی کوردستان دەدات و نە ڕێگە دەدات بە چالاکان و سیاسەتوانانی کوردیش بەتایبەت لەو دوو سێ دەیەدا کە تاڕادەیەک هەلی چالاکی سیاسییان لە ئاستی خۆجێیدا هەبووە، لەو بوارەدا هەنگاوێک هەڵێنن، گەرچی بەداخەوە هەندێکیشیان کەمترخەمن و سەرنجی گرنگایەتی پاراستنی ئەوانەیان نەداوە. چ ئەو کوردانەی کە لە هەر ئاستێکدا بە دەسەڵات دەگەن و چ ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێویستە زیاتر سەرنجی پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان بە شوناسی کوردستانییەوە بدەن، گەرچی بەربەست و لەمپەڕی زۆر بۆ هێزە کوردییەکان هەبووە و بە شێوەی جۆراوجۆر لە چالاکی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەرگیری کراوە و بە گوشار خستنەسەر و بێ دەسەڵات کردنیان دەوڵەتی تورک نەیهێشتووە کوردستانییەکان خۆیان هەوڵی پاراستنی ئەو شوێنەوارانە بدەن. لە ڕێگای بەرگیری لە باژێروانەکانی سەر بە هێزە کوردەکان و بەندکردنیان، باژێروانییەکانیش نەیانتوانیوە هەنگاوێکی ئەوتۆ لە ئاڕاستەی پاراستنی شوێنەوارەکانی کوردستاندا هەڵێنن. بۆ نموونە، پاش دوایین کۆدەتای سەرنەکەوتوو لە دژی ئەردۆغان، یاسایەک پەسەند کرا بۆ پێدانی دەسەڵاتی فریاکەوتنی بە حکوومەت و سەرۆک کۆمار، کە بەپێی ئەوە دژبەرانی ئەردۆغان و لەوانە کوردەکان لە پلەوپێگەکانیان دوور خرانەوە. لەو پێوەندییەدا، لە 2016دا بۆ نزیک 24 شارەوانیی ژێر بەڕێوەبەرایەتی کوردەکان لەلایەن حکوومەتەوە سەرپەرشتیاری جێ متمانەی خۆیان دانرا و شارەوانە هەڵبژێردراوەکان وەلا نران. ئەو شارەوانانە تۆمەتبار کران بە پێوەندیی لەگەڵ حزبی کرێکارانی کوردستان و شەڕوانانی جیایی خوازی کورد. لەمانە دەکرێ بە شارەوانییەکانی ناوچەگەلێک وەک سوور و سلڤان لە ئامەد و نوسەیبین لە ماردین، شارەوانەکانی شارەکانی باتمان و حەکاری و... ئاماژە بکرێت. بۆ وێنە، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 2014دا، گوڵتان کیشاناک ئەندامی پێشووی پارلەمان و فرات ئانلی ( Gültan and Fırat AnlıKışanak ) هەردووکیان لە حزبی ئاشتی و دیمۆکراسی (BDP) وەک هاوسەرۆکانی شارەوانی ئامەد هەڵبژێردران بەڵام لە 2016دا بە بیانووی پشتگیری لە پ.ک.ک گیران و دەوڵەتی تورکیا سەرپەرشتیارێکی هەڵنەبژێردراوی وەکو شارەوان دیاریی کرد. لەو پێوەندییەدا چوار شارەوانیش بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ فەتحوڵڵا گولەن وەلا نران. ئەو کارە درێژە درا و لە ساڵی 2016 بۆ 2019 حکوومەتی تورک لە 95 شارەوانیدا شارەوانە هەڵبژێردراوەکانی گۆڕا. هەروەها کەسانێکی تر وەک نوێنەرانی پارلەمان کە بتوانن هەوڵێک بدەن بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان لەوانە سەلاحەدین دێمیرتاش هاوسەرۆکی حزبی دێمۆکراتیکی خەڵک، هەدەپە (HDP)، و کەسانی تریان زۆربەیان گیران و بە هۆی سەرقاڵی سیاسییەوە ئەوەندە دەرفەتی سەرنجدان بەو بابەتەیان نەبووە و ڕێگەشیان پێ نەدراوە. عوسمان بایدەمیر ئەندامی DEHAP، BDP، و

## کاریگەری سیاسەتی ئاو

لە چەند دەیەی رابردوودا سیاسەتی چەندمەبەستەی ئاو لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە کاریگەری لەسەر شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردەواری و لەوانە شوێنەوارە ئایینییەکان هەبووە. لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە پڕۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاناتۆڵی (GAP)[42] بکرێت کە ئەو حکوومەتە لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە دەستی پێ کردووە. لەکاتێکدا کە

---

دواترHDP و ئەندام پارلەمان کە لە 2004 بۆ 2014 شارەوانی دیاربەکر بوو، زۆر جار و بە بیانووی زۆر تۆمەتبار بووە و حوکمی بەندیخانەی بۆ دەرچووە. بە هەمووی ئەم کێشە و بەربەستانەوە، دیسان باشتر وایە کە کۆمەڵگای مەدەنی باکووری کوردستان کە تاڕادەیەک هەلی چالاکییان بۆ رەخساوە زیاتر سەرنجی شوێنەوارەکانی کوردەواری بدەن کە زۆرێکیان بەتایبەت شوێنەوارە نائایینییەکان لەوانە دیواری ئامەد و زۆر شوێنی تر خەریکە وێنەیان بۆ مێژوو بمێنێتەوە. لەکاتێکدا کە ئەمانە بۆ داهاتووی کوردستان گرنگن چ لە باری شوناس و چ لە باری داهات و گەشتیارییەوە. بۆ زانیاریی لەسەر دۆخی شارەوانییەکان کە لەسەرەوە باسکرا، بڕواننە:

https://www.aljazeera.com/news/2016/09/turkey-removes-24-mayors-pkk-links-160911131732417.html

https://www.reuters.com/article/us-turkey-kurds/turkey-detains-co-mayors-of-mainly-kurdish-city-of-diyarbakir-idUSKCN12P2SI

https://thepublicsradio.org/article/the-latest-turkey-investigates-new-mayor-of-diyarbakir

[42] پڕۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاناتۆلی ((The Southeastern Anatolia Project or Guneydogu Anadolu Projesi (GAP) لە تورکیا یەکێک لە گەورەترین پڕۆژەکانی لەو چەشنە لە جیهانە کە بریتی بووە لە 13 گەلاڵەی ئاودێران و هێزی ئاو کە چێکردنی 22 بەنداو و 19 هێزگەی کارەبا لە سەر هەردوو چۆمی دیجلە و فورات لەبەردەگرێت و چاوەڕوانی ئەوەی لێکراوە کە بەوجۆرە 25% کارەبای ئەو وڵاتە بەرهەم بهێنرێت. تا ئێستا نزیکەی 15 لە 22 بەنداوەکە چێکراون. رێخەی GAP دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی 1930 کە موستەفا کەماڵ ئاتاتورک بە دیاریکردنی پۆتانسییەلی چۆمەکانی دیجلە و فورات لەو بڕوایەدابوو کە پەرەپێدانی ئەوانە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی گەورەتر و بەختەوەریی تورکیا. هەروەها هیوادار بوو کە بە پەرەپێدانی ئابووری لە رێگای پڕۆژەکانی ئاودێرانەوە بەشی ئاناتۆلی رۆژهەڵات تێکەڵی پاشماوەی وڵات بکات. بۆیە تورکیا لەو سەردەمەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاوی ئەو دوو چۆمەی داوە. ئەم بیرۆکە وەک پلان لە شێوەی پڕۆژەی GAPدا بە رێبەری سولەیمان دێمیرێل لە دەیەی 1960 دا دەستی پێ کرا. لە سەرەتاوە جەختی خستبووە سەر پەرەپێدانی سیستەمی ئاو و زەوی بەڵام لە 1970 بوو بە بەرنامەیەکی پەرەی ناوچەیی کۆمەڵایەتی ئابووریی فرەلایەنە. بێجگە کارەبا پێشبینی دەکرا کە 200000 هەلی کار پێکبهێنێت. لە باری وەرزێڕی و جووتیارییەوە چاوەڕوانی دەکرا دوو میلیۆن هێکتار زەوی نوێ بخاتە ژێر ئاودێران و تورکیا بکات بە هەناردەکاری گرنگی بەرهەمی وەرزێڕیی. بە رای تورکیا GAP بۆ ناوچەکە بە تەواوی قازانجی هەبوو بۆ نموونە لە لافاو و سەرڕێژبوونی ئاو بەرگیری دەکات و ژیانی کوردان باشتر دەکات و بنەمای کاری گروپە سەربەخۆییخوازەکان سنووردار دەکاتەوە لە رێگای لەنێوبردنی سکاڵای ئابووری و گرێدانی ناوچەکە بە بازاڕی گەورەترەوە. سەرۆکی پێشووی تورکیا تورگوت ئۆزاڵ ــبە رەگەز کورد- لەو شێوە بیرکردنەوە پشتگیری کرد. بەڵام ئەو پڕۆژە پلانی سیاسیشی لە پشت بوو بەتایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی سیاسی-کۆمەڵایەتی کورد و یەکێک لە گریمانەکانی پشتەوەی ئەوە بوو کە یارمەتی دەدات بۆ چارسەرکردنی پرسی کورد هەڵبەت بە شێوەی نەرێنی. لەڕاستیدا، گەشەسەندنی ناوچەی کوردەواری لە رێگای GAP تەنیا بۆ خزمەت بە کۆمەڵگا نەبوو، بەڵکو وەها بیری لەسەر کرابووەوە کە دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی کوردەکان لە ناو نەتەوەی تورک و بەمجۆرە کەمکردنەوەی پاڵپشتی لە داواکاریی سەربەخۆیی. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ئەو پڕۆژە بەشێک لە ستراتیژی هێمنایەتی دەوڵەتی تورکیا بووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەمەگناسی کورد بۆ دەوڵەتی تورکیا و گرێدان و پێبەستەکردنیان بە دەوڵەت لە رێگای ئابوورییەوە. بۆیە ئەو پڕۆژە وەک رێگایەکی راپەڕاندنی سیاسەتی تواندنەوە و سەرکوت رەچاو کراوە. پڕۆژەکەش بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکان چەندان سەرکەوتوو نەبوو لە گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. لەلایەکی ترەوە، خەباتی کوردانیش زیاتر پەرەی سەند. هەرچۆنیک بێت یەک لە ئامانجەکانی تورکیا ئەسمیلەکردنی کورد بوو و پڕۆژەکە گرێدرا بە سێ پرسەوە: جێگۆڕکێی خەڵک، دەسبەسەرداگرتن و سنووری ئاویی دەسکرد، و تێکدانی چاندیی. نزیکەی 90% حەشیمەتی کورد لەو ناوچەیە دەژین کە حکوومەت بەوجۆرە ویستوویە تاڕادەیەک هێزی کاری کوردان رابکێشێت و هەندێ رەزامەندییان دەستەبەر بکات بەڵام نیشانەکان پیشان دەدەن کە بەڵێنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندیدار بەو پڕۆژەیە ئەوەندە بەدی نەهاتوون و ئەو پڕۆژە هەوڵی ئانکارا بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردیشی لەبەرگرتووە. ئەمە لەگەڵ ئاوارەکردن و گواستنەوەی خەڵکی زۆری ناوچەکە و هێنانی کەسانی تر بە بیانووی شارەزایانی کار، بووەتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە. بۆ وێنە، بە پێی مەزندەکان بەنداوی ئیلسو بە تەنیایی لەسەر جێگۆڕکێی نزیکەی 78000 خەڵک کاریگەر بووە و بە گشتی پڕۆژەکە دەبێتە هۆی ئاوارەیی و جێگۆڕکێی 350000 کەس. بە بیانووی گەلاڵەی پەرەپێدانی ئاو کۆمەڵگای یەکپارچەی کوردی تاڕادەیەک تێکشکا و بەشێکی زۆریان بڵاوەیان پێ کرا. ئەمە بەجۆرێ زیانگەیاندن بە پلانی سەربەخۆیی کورد بووە. هەروەها لە ناوخۆی تورکیاش ئەو پڕۆژە وەک مێتۆدێکی دژە شۆڕش لە دژی PKK بەکارهێنراوە. لە سەرەتای نەوەدەکاندا لەلایەن تورکەکانەوە GAP وەک ئامرازی راستەوخۆی شەڕ رەچاو کرا و ئەو بەنداوانە وەک لەمپەڕێک بۆ جموجوولی شەڕوانان بینران. لە نەوەدەکاندا دەوڵەت بۆ بەرگیری لە پەڕینەوەی شەڕوانانی پ.ک.ک لە سنووری عێراقەوە بڕیاری دا بۆ چێکردنی 11 بەنداو لە پارێزگاکانی جۆلەمێرگ و شرناخ. تورگوت ئۆزاڵ سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا لە نامەیەکی نهێنیدا لە 1993 بۆ سولەیمان دێمیرێل، سەرۆک وەزیران، دەنووسێت: "لەگەڵ چۆڵکردنی دانیشتووانی

وەزارەتی گەشەپێدانی تورکیا ئەو پڕۆژە بە هۆکاری باشتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەکە لە ڕێگای دابینکردنی وزەی کارەبا و ئاودێرییەوە دەزانێت، بە هۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری خەڵکی ناوچەکە، و زیان گەیاندن بە ژینگە، میراتی چاندیی و بەشێک لە مێژووی کۆنی کوردستان و شوناسە تایبەتەکەی، کەوتووەتەوە بەر ڕەخنە. ئەو پڕۆژەی بەنداو چێکردن کە لە دەیەی 1960وەوە دەستی پێ کرد و هێشتا بەردەوامە، ناوچەیەک نزیکەی 10% خاکی تورکیا لەبەر دەگرێت. بە هۆی لەبەرگرتنی کوردستان، ئەو پڕۆژە گرێدراوە بە پرسی کوردەوە. باس دەکرێت کە یەکێک لە ئامانجەکانی بەرنامەی پەرەپێدانی ئاو لەلایەن حکوومەتەوە بەرەنگاربوونەوەی خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بووە و وەک ئامرازێک بۆ بەرگیری لە پێکهێنانی ناوچەی خودموختار یان سەربەخۆی کورد بەکار هێنراوە کە بووەتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، تێکدانی چاندیی (کەلەپووریی) و پێکهێنانی سنوور و بەربەستە ئاوییەکانی دەسکرد. کەواتە، جێگۆڕکێ و گواستنەوەی خەڵکی ناوچەکە و تێکدان و لەنێوبردنەکان بە هۆی پڕۆژەکەوە وەک بەشێک لە هەوڵی حکوومەت بۆ تێکدانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سڕینەوەی چاندی کورد و کوردستان بینراوە.[43]

گەرچی جێبەجێکردنی بەشێک لە پڕۆژەی GAP لە سەردەمی تورگوت ئۆزاڵی[44] بە ڕەچەڵەک کورددا بوو بەڵام ئەویش نەتەنیا وەک تاکەکەس لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە شۆڤێنییەدا هیچی پێ نەدەکرا و تەنانەت شوناسی خۆیشی نەدەخستە دەرەوە، بەڵکو لایەنی ئابووریی و گەشەی ناوچەکەی لا گرنگ بوو و سەرنجی کاریگەریی لەسەر شوناسی کوردەواری و لەنێوبردنی چاند و پەرتەوازەکردنی جەماوەری کوردی ناوچەکەی نەدەدا. ئەم پڕۆژە کە لە باری سیاسییەوە پێوەندیی بە پرسی ئاو و سیاسەت هەیە، هەم کردەی سیاسی نێودەوڵەتی (لەگەڵ عێراق و سووریا) هەبووە و هەم کردەی

---

کێوەکان، ڕێکخراوی تێرۆریستی (PKK) دەخرێتە پەڕاوێزەوە. هێزەکانی ئاسایش دەبێت خێرا بجووڵن و ئەو ناوچانە بەتەواوی کۆنتڕۆڵ بکەن. بۆ بەرگیری لە گەڕانەوەی خەڵکی خۆجێیی بۆ ناوچەکە، چێکردنی ڕێژەیەکی زۆر بەنداو لە شوێنە گونجاوەکاندا جێگرەوەیە." کە ئەم نامەیە نیشان دەدات چلۆن ئاو وەک هێزێکی سەخت لە دژی هێزی کورد بەکار دەهێنرێت. لەو پێوەندییەدا، سیاسەتی بەکارهێنانی ئاوی نێوان سنوورە دەسکردەکان لەسەر پێوەندیی تورکیا و وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت عێراق و سووریا کاریگەریی هەبوو کە لەبەر دواهاتەکانی ئەو پڕۆژەدا بوون. بۆیە تورکیا وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر ئەو وڵاتانە و لە ڕێگای ئەوانە سەر هێزی کوردی لەو پڕۆژە کەڵکی وەرگرتووە. بۆ نموونە، پاش مەزندەی ئەوەی کە پڕۆژەی GAP دەبێتە هۆی دابەزینی 40%ی ئاو، سووریا هاسانکاری کرد بۆ ڕاهێنانی پ.ک.ک لە دۆڵی بێقاع لە لوبنان و هاتوچۆ لە ڕێگای سووریاوە. یەکەم جار کە پرسی PKK گرێ درا بە پرسی ئاوەوە لە 1987 بوو لەگەڵ واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی هاوکاری ئابووری لە نێوان دوو دەوڵەتی تورکیا و سووریا. لە بەرانبەر دەسڕاگەیشتن بە 500 مەتری سێ جا ئاو لە هەر چرکەدا لە فوراتەوە، سووریا بەڵێنی ڕاگرتنی پشتگیری لە PKK دەدات بە تورکیا. دواتریش لە کۆتایی نەوەدەکاندا سووریا بە ڕێگەنەدان بە مانەوەی ئۆجالان لە گرتنیدا هاوکاری کرد. لە باری چاندیشەوە وەک لە دەقەکەدا شرۆڤە کراوە بە هۆی ئەو پڕۆژەوە زۆر زیان بە شوێنەوارەکانی کوردستان گەیشتووە. (بڕواننە: (Tsakalidou, 2013; Meijer, 2018

[43] *Ilektra Tsakalidou*, “The Great Anatolia Project: Is Water Management a Panacea or Crisis Multiplier for Turkey’s Kurds?” *August 5, 2013, at:* https://www.newsecuritybeat.org/2013/08/great-anatolian-project-water-management-panacea-crisis-multiplier-turkeys-kurds/

[44] خەلیل تورگوت ئۆزاڵ ( Halil Turgut Özal) (1927-1993) بە ڕەگەز کورد و خەڵکی مالاتییە بوو، گەرچی بە هەندێ هۆ لەوانە دوورکەوتنەوە و بارهاتنی لە چاندیکی تردا ئەوەندە گرنگایەتی بە شوناسی کوردی نەداوە. لە 1979دا کە سولەیمان دێمیرێل سەرۆک وەزیران بوو تا کۆدەتای 1980، جێگری وەزیر بوو. لە 1983 بۆ 1989 سەرۆک وەزیران بوو. لە 1989 بۆ 1993 سەرۆکی تورکیا بوو. لەکاتێکدا کە تورگوت ئۆزاڵ سەرۆک کۆمار بوو، لە 1991دا سولەیمان دێمیرێل دیسانەوە بوو بە سەرۆک وەزیران. ئۆزال ڕێککەوت لەگەڵ وتوویژ لەگەڵ PKK. بێجگە لە خودی ئۆزال کە نیوە کورد بوو، هەندێ سیاسەتوانی تورکیش ڕێککەوتن. لە سەرەتای نەوەدەکاندا خولی یەکەم بەڕێوەچوو و بووە هۆی ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لەلایەن PKK لە 20ی مارسی 1993. پاش کۆچی دوایی گوماناوی ئۆزاڵ لە ١٧ ئاپریلی 1993دا لە نووسینگەکەی، هیوای ئاشتی لەنێو چوو بەجۆرێ کە هەندێ کەس تیاچوونی ئەویان بە بەشێک لە کۆدەتای سەربازی نهێنی لە ساڵی 1993 بە مەبەستی ڕاگرتنی بەرنامەکانی ئاشتی دەزانی. لە 2012 لە هەڵدانەوەی گۆڕەکەیدا هەندێ نیشانەی ژەحراوی کردن دەرکەوت.[44] لە باری ئایینییەوە، ئۆزال سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوو کە ئەو تەریقەتە زۆر لە تورکیا تەشەنەی هەبووە و دیارە ئەویش پاڵپشتیان بووە. هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە شێخ عوسمان نەقشبەندی پاش دەرچوونی لە ئێران و بەجێهێشتنی کوردستان لە ئەستەمۆڵ گرسایەوە.

ناوخۆیی لە ئاستی ناوچەیی و نیشتمانیدا. سەرکوتی چاندیی، سیاسی و ئابووری خەڵکی کورد لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ڕێخەی شەڕی نێوان دەوڵەتی تورک و کوردە. کەچی وێرای بەڵێنەکان ئەو پڕۆژە تەنانەت نەبووە هۆی باشتربوونی ئەوتۆی دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووری ناوچەکەش. دوو نەتەوەی تورک و کورد بە شێوەی بەرابەر لەو بەنداوانە قازانجیان نەبینیوە بەڵکو یەکیان نەتەنیا قازانجی ئابووری نەکردووە بەڵکو لە باری مێژوویی و چاندییەوە زیانی پێگەیشتووە. ئەو ناوچە کە پڕۆژەکە لەبەریگرتووە لەلایەن کوردانەوە وەک خاکی باب و باپیران دەبینرێت. کەچی ستراتیژی ئەو پڕۆژەی تورکیاش دەرگیرە لەگەڵ تێکدانی میراتی چاندیی کە زۆر لەسەر میراتی کوردەواری و کۆمەڵگای کوردی کاریگەر بووە و وەکو تێکدەری مێژووی کوردستان و هێرش بۆ سەر شوناسی چاندیی کورد ڕەچاو کراوە. بۆیە بەکارهێنانی سیاسی ئاو دواهاتی خراپی بۆ کورد و میراتی مرۆیی بە گشتی هەبووە.[45]

لەو زیانە چاندییانە کە لە ڕێگای سیاسەتی ئاوەوە لە شوێنەوارەکانی کوردستان دراوە دەکرێ بە زیانی بەنداوەکانی دیجلە و ئیلسو ئاماژە بکرێت. بەنداوی دیجلە لە ناوچەی ئێگل پارێزگای دیاربەکر هەندێ شوێنی مێژوویی لەوانە گۆڕە شیمانەییەکانی هاروتی نەبی و حەزرەتی زولکیفل و ئەلیەسەعی خستە ژێر ئاو. لەکاتێکدا کە بێجگە لایەنی باوەڕمەندیی و ڕاست یان ناڕاست بوونی پێوەندی ئەو گۆڕانە بە کەسایەتییە ڕاستەقینەکانیانەوە، خودی شوێنەوارەکان لە باری مێژوویی و شوناسی ناوچەکەوە گرنگایەتییان هەیە. هەرچەند لە کاتی چێکردنی بەنداوەکەدا و پێش کەوتنە ژێر ئاوی ئەو شوێنە مێژووییە، بە هاوکاری فەرمانگەی کاروباری ئایینی و فەرمانگەی گشتی بیناکان ئەنجومەنێکی نۆ کەسی لە بەرپرسان و کەسایەتییە ئایینییەکان بۆ گواستنەوەی جەستەی ناو ئەو گۆڕانە و شوێنە پیرۆزەکان پێکدێت و گۆڕەکانی زولکیفل و ئەلیەسەع لە 1995دا گوێزرانەوە بۆ شوێنی ئێستاکەیان لە تەپۆڵکەی هارونی نەبی.[46] بەوەشەوە ئەو ئەگەرە هەبووە کە هەندێ لەو گۆڕانە کەوتوونەتە ژێر ئاو، لەوانە گۆڕی هاروتی نەبی کە دەگوترێت لە حاجییانی ئێگل لە نزیک شوێنە کۆنەکەی گۆڕی حەزرەتی زولکیفل بووە.[47] هەروەها، بەنداوی ئیلسو مەترسی هەبووە بۆ کەوتنە ژێر ئاوی بەشێک لە باژێری حەسەکیف کە بە هۆی بینا کۆنینەکانی ناسراوە و گرنگایەتی کۆنینەناسی و ئایینی هەیە و زۆر مزگەوت و گۆمەزی ئیسلامی و کەلیسا ئەشکەوتییەکان لەبەر دەگرێت. هەرچۆنێک بێت، لەو جۆرە پڕۆژە گەورانەدا مەترسی زیانگەیاندن بە شوێنە مێژوویی و چاندییەکان هەیە کە لەدژی کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکانە.[48]

**پاشەکی**

لەو وتارەدا هەوڵ درا کورتەیەک لە مێژووی ئایینی کوردەواری و شوناسی پێوەندیدار بەوە بخرێتە بەر دیدی خوێنەر. وەک ئاماژە کرا، کوردەواری لانکی زۆر شارستانییەت و ئایین بووە و ئایینە جۆراوجۆرەکان لە فرەخوایی و میترایزم، گەور، ئێزدی بگرە تا ئایینە کۆنە ئاسمانییەکان و جوو، تا مەسێحییەت و ئیسلام لەو خاکەدا سەریانهەڵداوە یان هاتوون و هەندێکیان نیشانە و شوێنەواریان لە خۆیان بەجێهێشتووە. بێجگە ئایینە کوردییەکان، ئایینەکانی تر بەتایبەت مەسێحییەت و

[45] Laura Meijer, "The Southeastern Anatolia Project (GAP): water, counterinsurgency, and conflict", Kuwait Program at Sciences Po, 2018.

[46] لێرەدا بەپێی بابەتەکە باری مێژوویی، گرنگایەتی پاراستنی شوێنەوارەکان و ئەگەری هەبوونی ئایینەکان لە ناوچەکە بەرباسە و ڕاست یان ناڕاستی هەبوونی جەستە و گواستنەوە و زۆر چیرۆکی تر لەو پێوەندییەدا پشتڕاست ناکرێتەوە و لە هەندێ شوێنی تریشدا داواکاریی لەسەر بوونی گۆڕی ئەو کەسانە هەیە وەک گۆڕی زولکیفل لە عێراق و ئێران یان یەسەع لە سووریا و عەرەبستان. هەرچۆنێک بێت، دەگوترێت ئەو ئەنجومەنە ڕاپۆرتی کردبوو کە "هەردوو جەستەکە و شوێنە پیرۆزەکان بێ هیچ زیانێک گوێزراونەتەوە وەک بڵێی دوێنێ مردووبێتن. مەلا عومەر کاڵکان وتبووی کە بە چاوی خۆی جەستەکانی زولکیفل و ئەلیەسەعی بینیوە کە دەڵێی دوێنێ مردوون و هیچیان پێ نەهاتووە." بڕواننە ئەو ماڵپەڕەی خوارەوە:

https://en.ilkha.com/haber/4734/graves-of-the-prophets-surfaced-after-the-recede-of-dam-water

[47] بەپێی ڕاپۆرتێک، لە 2018 دا بە هۆی بەربوونی ئاوی بەنداوەکە، ئاوەکەی نزیک 5 میتەر دابەزی کە شوێنە کۆنەکەی گۆڕی حەزرەتی ئەلیەسەع و گۆڕی هاروتی نەبی دەرکەوتنەوە. بڕواننە:

https://en.ilkha.com/haber/4734/graves-of-the-prophets-surfaced-after-the-recede-of-dam-water

[48] Meijer, 2018; Tsakalidou*, 2013.*

ئیسلام مێژووی کوردییان پێوە دیارە و یارمەتی راستکردنەوەی مێژووی کوردیش دەدەن و مێژوو و شوێنەواری ئەوانە لە کوردستاندا بەشێک لە مێژوو و شوناسی کوردستانن.

کەواتە دیارە وەک زۆر وڵاتی تر، بە درێژایی مێژوو ئایین و دەسەڵاتی سیاسی جۆراوجۆری ناوخۆیی و دەرەکی لە کوردەواریدا هەبوون و شوێنەواری خۆیان بەجێهێشتووە، بەڵام لە باری کۆمەڵایەتییەوە هەر لە سەردەمی کۆنەوە زۆربەی کات و زۆرینەی خەڵکەکەی کورد و باب و باپیرانی گەورەی کورد بوون. گەرچی نەتەوەکانی تریش هاتوچۆیان کردبێت و لە باری سیاسییەوە جاروبار و بە شێوەی کاتیی بە سەر ناوچەکەدا زاڵ بووبێتن بەڵام شوێنی بەردەوامی نەتەوەی کورد بووە. کورد و باب و باپیرانی وەک خەڵکی ناوچەکە بە ئەگەری زۆرەوە بە درێژایی مێژوو لایەنی تارادەیەک نەگۆڕ بووە و بە گوێرەی باری نەتەوەیی، ئایین زیاتر گۆڕاوە. واتە ئایین وەک دیاردەی بگۆڕی کۆمەڵایەتی بە درێژایی مێژوو لەلایەن خەڵکەکەوە گۆڕدراوە. بۆیە بێ رەچاوکردنی ئەوەی کە بەشێک لە مێژوو یان شوێنەوارێک سەر بە هێز یان ئایینێکی دەرەکی بێت، ئەو شوێنەوارە مێژووییانەی لە کوردستان هەن لە پلەی یەکەمدا پێوەندیی بە کوردستان و گەلی کوردەوە هەیە و بەشێک لە مێژوو و شوناسی کوردەواری پێکدەهێنن و دەبێت بپارێزرێن. هەبوونی ئایین و شوێنەوارە ئایینەکانی جۆراوجۆر کەونینە بوونی کوردەواری پیشان دەدەن و نابێت ئایینی بوونی ئەوانە ببێتە هۆی ئەوەی کە سیاسەتی کوردی سەرنجیان نەدات. داهاتووی کوردستان پێویستی بەو سامان و سەرچاوە مێژوویی و چاندییانە هەیە.

بە گشتی، ئەمڕۆکە زۆر شوێنەواری کوردەواری یان لەنێوچوون و لەنێوبراون، یان شوناسی کوردی و کوردستانیان لەسەر سڕدراوەتەوە و بە شوناسی دەوڵەتانی بێگانەوە ناساندوویانن، لە پەناشیدا ئەو هەلەش نەرەخساوە و رێگە نەدراوە مێژوویەکی سەربەخۆی ئەو خاکە بنووسرێتەوە و لە گومان و نادیاریدا هێشتوویانەتەوە. بۆیە پێویستە زیاتر بۆ پاراستنی شوێنەوارەکانی کوردەواری هەوڵ بدرێت و شوناسی کوردستانی ئەوانە زەق بکرێتەوە. پێویستە لە پەنای دوو باڵی بیر و ئابووری بۆ سەرخستنی دەوڵەتی کوردی، ئەو شوێنەوارە مێژووییانەی کوردەواری کە بە دەستی نەیاران تاڵان و کاول کراون وەک زۆر شوێنی دیکەی کوردەواری کە شاعیر گوتەنی هەموو شوێنێکی دەبێت تاجە گوڵینەی لەسەر دانرێت، ببنە 'مەسادا'ی[49] کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردەواری لە داهاتوودا لە پەنایاندا سوێندی پاراستنی کوردستان بخۆن کە چی تر نەڕوخێت.

[49] 'مەسادە' (Masada) شوێنێکی کۆن و پاشماوەی پەرستگە و کۆشکی هێرۆدی گەورە لە قەراخی زەریای مردوویە کە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا لەلایەن رۆمییەکانەوە تێکدەدریت و لەوێدا پاش سەرکوتی شۆڕشی جووەکان، دوایین بەرگریکارانی جوو بەجێی خۆڕادەست کردن بە سزاری رۆم لەسەر بەردی قەڵای مەسادە بەکۆمەڵ خۆ دەکوژن. پاش ماوەیەکی زۆر ئاوارەیی و بێ دەوڵەتی، تیۆدۆر هێرزل (Theodor Herzl) لە سالی 1896 پەرتووکی "دەوڵەتی جووی" بڵاو کردەوە و لە 1897 دا یەکەم کۆنگرەی زایۆنیست بەڕێوەچوو. هێرزل پێی وابوو کە جوولەکە رزگار دەبن لە رێگای دەسەڵاتی ئابووری و دیپلۆماسی داهێنەرانەوە. لەو پێوەندییەدا، زۆرێک لە بیرمەندانی جیهان جوو یان بەڕەچەڵەک جوو بوون و لە زۆر وڵاتدا ئابوورییان لە دەستدا بووە و ئێستاش گەورەترین لابیکارانی ئەمریکا جوون. هەرچۆنێک بێت، لە سەدەی بیستدا جوو بە یارمەتی بیر و ئابووری سەرکەوت دەوڵەتی خۆی پێکبهێنێت و ئێستا چەکدارانی ئیسرائیل لە 'مەسادە' سوێند دەخۆن کە "مەسادە نابێت چی تر بکەوێت". بڕواننە:
Eric O. Hanson, *Religion and Politics in the International System Today*, cambridge university press, 2006, p. 93 & 97.